گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 2373 (PP 310-327)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.18

توێژینەوە

# پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی نێوان دەوڵەتانی مەمالیك و ئیلخانی لەماوەی ساڵانی (٦٩٤- ٧٣٦ك / ١٢٩٤ – ١٣٣٦ز)توێژینەوەیەکی (مێژوویی ، شیکاری) یە

**لەنجە طلعت عبید**/بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**احمد عبدالعزیز محمود**/ بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی نێوان دەوڵەتانی مەمالیك و ئیلخانی یە لەماوەی ساڵانی (٦٩٤- ٧٣٦ك / ١٢٩٤ – ١٣٣٦ز)، توێژینەوەیەکی مێژووی و شیکارییە، سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، کە لە دوای ناکۆکی دەیان ساڵە، دیبلۆماسیەت توانی ببێتە فاکتەرێکی چارەنوسساز ناکۆکی و رق و کینەی نێوانیان بگۆڕێت بۆ دۆستایەتی و ئاشتەوایی، توانیویانە لەم ڕێگەیەوە باڵیۆزو دیبلۆماتکاران و دیاریەگرانبەهاکان بەشێوەی جیاواز ئاڵۆگۆر پێبکەن، بەهۆی بەهێزی مەمالیك خواستی زلهێزە بیانییەکانی، وەك: دەوڵەتی مەغۆل زیادی کرد بۆ نزیکبوونەوە لێیان، هەڵبەت مەمالیکەکان لەدوای سەرکەوتنەکانیان درکیان بەوەکرد مەغۆلەکان خەریکی تۆڵە کردنەوەی خۆیانن، بۆیە ئامادەکاریان کرد بۆ بەرگری کردن لەئاسایشی وڵات، پێویستیان بەبەستنی هاوپەیمانیەتی بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، هەرچی ئیلخانیەکان بوون بەسوود وەرگرتن لە ئامادەکاریەکانیان، هەوڵیاندا لە جێگای ڕوبەڕووبوونەوە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی مەمالیك بکەن، هەردوو دەوڵەت میتۆد و ڕێوشوێنی گونجاویان بەکارهێناوە، وەك: هاوپەیمانیەتی ئاشتەوایی، ناردنی نامەی دیپلۆماسی، دیاری و نێردراوان، ...هتد، کەئەمانە بەبنەمای دامەزراوی دیپلۆماسی دانراون. سەرەڕای ئەوەش دانوستانەکانی نێوانیان بەگوێرەی یاسا دیپلۆماسیەکانی جیهانی ئیسلام ئەنجام دراوە.

CORRESPONDENCE
لەنجە طلعت عبید
Lanja.obaid@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/06/29 |
| پەسندکردن | 2024/09/19 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/12/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
مەمالیك،
ئیلخانی،
دیپلۆماسی،
نێردراوان،
نامە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

هەژموونی پەیوەندی دیبلۆماسی و دۆستانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو ، توێژەران لەهەمبەر ئەم باسە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زۆریان بۆ سەردەمە جیاوازەکان ئەنجامداوە ، بەدرێژایی مێژوو، دیپلۆماسیەت فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوو لە پەیوەندی نێوان وڵاتاندا ، بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان لەگرنگترین سەرچاوەکانن ، بۆ دیاریکردنی خەبات و ئامانجەکانی بوونی وڵاتان. مەمالیك و ئیلخانی دوو دەوڵەت بوون خەباتیان کرد بۆ مانەوەیان لەناوچەکاندا. لەکاتێکدا جیهانی ئیسلامی بەهۆی شەڕی خاچییەکان و لەشکرکێشییەکانی مەغۆلەوە لەت و پەت بوو، ئیلخانیەکان وەک نەوەکانی چەنگیزخان، دیپلۆماسیەتیان وەک نەریتی مەغۆلەکان بە هەڕەشە و تۆقان هێشتبۆوە، هەرچی مەمالیکەکان بوون بەرێکخستنی سیاسەتی ڕەسەنی خۆیان شەڕی بەرگریی سەرکەوتوویان لەدژی ئیلخانیەکان ئەنجامدا و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هات؛ لە کۆتاییدا توانیان ئاشتی بهێننەدی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە هەردوو لایەن چەندین لێکۆڵینەوەیان دەربارە کراوە ، بەڵام لێدوان دەربارەی سروشتی پەیوەندییە دۆستایەتیەکانیان و سیاسەتی دیپلۆماسی سوڵتانەکان لە ئاراستەکردنی بالیۆزانیان بۆ وڵاتان ئەو بابەتانەی کە لە کۆبوونەوەکان و ناوەڕۆکی نامەکاندا باسکراون ، وەک ، موسڵمان بوونی خانی مەغۆلەکان و دانوستانەکانی ئاشتی و مەرجەکانی ڕێکەوتن و سەقامگیرکردنی ئارامی و ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات هتد ...، پشکی زۆری بەرنەکەوتووە و توێژینەوەیەی وردی بۆنەکراوە، چونکە زیاتر زانیاری مێژووی سیاسی و شارستانیەتیان شیکار کردووە ، بە شێوەی گشتی باس لە پەیوەندیەکان کراوە کەمتر تیشکیان خستۆتەسەر پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی نێوان مەمالیک و ئیلخانی دوای ئیسلام بونیان.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی گەورەی دەوڵەتی مەمالیک پیشان دەدات چوارچێوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیلخانی ئەنجامی داوە، هەروەها ختسنەڕووی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کەکردوویانە بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگاری و قەیرانە سیاسییەکانیان ، ئاماژەن بۆ گرنگی بابەتەکە و بەهێزی مەمالیکەکان، شکۆمەندی و فراوانبوونی دەوڵەتەکەیان و بڵاوبوونەوەی ناوبانگیان.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر بالیۆزو نێردراوان یاخود ئەوانەی ئەو ئەرکەیان پێ سپێرداوە، بوونەتە ئاستەنگ نەتوانراوە هیچ زانیاریەک لەهەمبەر هەندێ لەو کەسایەتیانە بخرێتەڕوو کە ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لەم پەیوەندیەدا بەتایبەتی ئەوانەی ناویان تەنها لە ناوەڕۆکی نامەکاندا هاتووە لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەساڵی مردنیش نەکراوە، ئەمە وایکردووە نەتوانین بگەینە هەندی دەرئەنجامی ڕووداوەکان .

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی مێژوویی - شیکاری بەشوێنکەوتنی ڕاستییە مێژووییەکان و شیکردنەوەی ڕەهەندەکانیان و شێوازی وەسفکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە

**1-پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی نێوان مەمالیك و ئیلخانی لەسەردەمی سوڵتان(الناصر محمد بن قلاوون)(٦٩٤-٧٣٦ك/١٢٩٤-١٣٣٦ز)**

**1-1- پەیوەندی سوڵتان(الناصر محمد) لەگەڵ ئیلخان (محمود غازان )( 694 -703 ك/ 1295 -1304ز):**

چڕی ئەو ململانێیانەی کە لەنێوانیاندا سەریهەڵدا بەهێز بێت یان لاواز، بەپێی بارودۆخی دەوروبەری ئەو دەسەڵاتدارانە جیاواز بوو، لەلایەکی دیکە سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هەڵکردنی ئاگری شەڕی نێوانیاندا، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە خواستی ئاشتەوایی و دۆستایەتیان هەبوو. بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان هەریەك لەسوڵتان و ئیلخانەکان، هەموو شێواز و ئامرازەکانی ~~فریودانیان~~ بەکارهێناوە ، بۆ ئەوەی دەرفەت وەربگرن بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی یەکتر و گەیشتن بەئامانجەکانیان ، بۆیە کاتێك باس لە سروشتی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی دەوڵەتی مەمالیك و ئیلخانە ئیسلامەکان دەکەین، دەبینین ئەم پەیوەندییە هەر لە سەردەمی (احمد تکودار) (٦٨١-٦٨٣ك/ ١٢٨١-١٢٨٣ز)دەستی پێکردووە[1]، بەو پێیەی بەرژەوەندییەکانیان لەبنەڕەتدا لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ئەو دەوڵەتە چڕ بۆتەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی توانای مانەوە و پاراستنی ئەو زەویانەی کە دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندبوو .

شایانی باسە، موسڵمانبوونی (غازان) خاڵێکی وەچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی مەغۆل بەگشتی و ئیلخانیەکان بەتایبەتی، لەم قۆناغەدا پەیوەندییە دبلۆماسیەکانیان بەردەوام بوو وەکو دوو دەوڵەتی ئیسلامی، هاوکات لەم ماوەیەدا بەهۆی خراپی بارودۆخی دەوڵەتی مەمالیک، ئیلخان (غازان) هەوڵیدا ئەم دەرفەتە بەهەل وەرگرێت بۆیە لەساڵی( ٧٠٠ك / ١٣٠٠ز) هێزی خۆی نیشاندا و هێرشی کردە سەر چەند ناوچەیەکی سنوری دەسەڵاتی مەمالیك، لەوانە، هێرشەکانی چڕکردەوە بۆدەوروبەی حەلەب تاگەیشتنە(انطاکیا) ئەنتاکیا(المنصوري، 1998، ص 350؛ النويري، 2004 ، ج31، ص 258-259؛ الدواداري، 1971، ج8، ص 46؛ ابن دقماق، 1982، ج1، ص 332).

ناوبراو دوای سەرنەکەوتنی لە ئامانجەکەی[٢] هیچی بۆ نەماوە جگە لەوەی بەردەوام بێت لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاشتەوایی بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان. بەگوێرەی زانیاریەکان دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بەناردنی بەدوو نامە بوو ئەوانیش؛ نوسراو و زارەکی، نامەکە لەناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ( ٧٠٠ ك/١٣٠١ز) نوسرابوو (المنصوري، 1998، ص 352- 353؛ الدواداري، 1971، ج9، ص 53- 56؛ القلقشندي، 1915، ج8، ص 67- 71)، لە ڕێگای شاندێکی (٢٠) کەس و بەسەرۆکایەتی[٣] قازی موسڵ (کمال الدين موسی بن يونس) (م.٧١٥ك/١٣١٥ز) و کەسێك بەناوی میر (ناصرالدين علی خواجة) [٤]ئامانج لە ناردنیان بەستنی ڕێکەوتنەمەی ئاشتەوایی بوو ، لە (١٣ ) مانگی (ذوالقعدة) گەیشتنە دیمەشق، لەلایەن میری حەلەب (سيف الدين كرای منصور) پێشوازیان لێکرا لەقەڵایەکی دیمەشق میوانداری کران، دوای دوو ڕۆژ کە گەیشتنە میسر لە قەڵای (الجبل) [٥]بەشێوازێکی باش میوانداریيان کردن (المنصوري، ١٩٩٨، ص ٣٥٢؛ المنصوري ، ١٩٩٣، ص ١١٧؛ النويري، 2004، ج31، ص 265؛ المقريزي، ١٩٩٧ ، ج٢، ص ٣٤٠- ٣٤١)

شایانی باسە، دوای گەیشتنیان بۆ میسر لەقەڵای (الجبل) کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا تیایدا سوڵتان میر و دەوڵەتمەداران ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون، قازی(کمال الدين) وتارێکی پێشکەش کرد کەبەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ڕازابۆوە، پەیامی یەکڕیزی و تەبایی لەخۆگرتبوو، جەختی لەوە کردەوە ئاشتی لە بەرژەوەندی هەردوولایەنە. پاشان نامەیەکی بەبێ ناونیشان بە زمانی مەنگۆلی (ختم) مۆر کرا بوو پێشکەشی سوڵتانی کرد (الدواداري، ١٩٧١، ج٩، ص ٥٢- ٥٣؛ المقريزي، ١٩٩٧، ج٢، ص ٣٤١؛ ابن تغري بردي، ١٩٩٢، ج٨، ص ١١٠). دوای وەرگێرانی نامەکە بۆ سەر زمانی عەرەبی، بۆ سوڵتان خوێندرایەوە(المنصوري، ١٩٩٨، ص 352-353؛ النويري، ٢٠٠٤، ج٣١ ، ص ص 265-267؛ الدواداري، ١٩٧١، ج٩، ص 53-56؛ القلقشندي، ١٩١٥، ج 8، ص69-71؛ ابن تغري بردي، ١٩٩٢، ج٨ ، ص110-113).

چەند تێبینەیەک لەسەر هاتنی ئەم شاندە و پێشوازیکردنیان ، بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی باوی ئەم سەردەمە نەریت بوو کە بەمشێوەیە بەپێ ی ڕێساو یاساکانی دیبلۆماسیەت پێشوازی لە شاند و نێردراوان بکەن ، بەڵام بەڕانانی ڕووداوەکان بەیەکتری دەتوانین بڵێین سوڵتان (الناصر محمد) هەوڵی دا بە سیاسەتێکی دیبلۆماسیانە چارەسەرکردنی ئاڵنگاریەکانیان بکات ئەوەش بەهۆی زۆری ململانێ ناوخۆییەکانی دەوڵەتی مەمالیک و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کودەتایانەی کە کرابوون بۆ مەبەستی وەرگرتنی دەسەڵات وایکرد ئەم سیاسەتە پەیرەوبکەن ، لە پێناو بەرژەوەندی وڵات هەوڵیدا مەترسی ئیلخانیەکان دووربخاتەوە، هەروەها لە ڕێگای نیمایشکردنی ئەم جۆرە پێشوازیکردنە بۆ ئەوەی بالیۆزان لەکاتی گەڕانەوەیان ئەمە بگوازنەوە بۆ ئیلخان غازان ئاماژە بە توانا و دەسەڵاتی مەمالیکەکان بکەن ، لەلایەکەی دیکەوە، باس لەوە کراوو ئەو نامەیەی کە نێردرابوو بە زمانی مەنگۆلی نوسرابوو، هەرچەندە لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەوەنەکراوە کە هۆکاری ئەوە چی بوو ئایا غازان بە ئەنقەست وایکردووە؟ یاخود هیچ هۆکار لە پشت ئەوەدا نەبوو کەبەزمانی عەرەبی نەنووسیت، بە بۆچوونی توێژەر غازان لە ڕێگای ئەو پەیامەوە ، بەمانای بوونی دەسەڵاتی بەهێز و خاوەن زمان و نەتەوەی خۆیەتی هەوڵیداوە لەم ڕێگایەوە سەرداری خۆی بەسەر مەمالیەکان بچەسپێنێت و جێگای سوڵتانی مەمالیک بگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکرێت لە هەردوو بواردا نەبوتە کێشە بۆ مەمالیکەکان ، چونکە بەوپێیەی لە دیوانی دارشتنی نامە وەرگێرێک ئامادە دەبوو بۆ وەرگێرانی ئەو نامانەی کە لەدەوڵەتانی بیانی و بەزمانی دیکە دەنێردران دوای وەرگێرانیان دەدرایە دەست بەرپرسی دیوانی دارشتنی نامە واتە ئەوە شتێکی ئاسای بوو بۆ ئەوسەردەمە.

سەبارەت بەشێوازی نوسینی نامەکە: بە نەریتی دەوڵەتانی ئیسلام نوسرابوو، واتە دەستپێکی نوسراوەکە هاوشێوەی ئەو نامەیە بوو کە لەپێشووتر ئیلخان (تكودار) بۆ سوڵتان (قلاوون)ی ناردبوو[٤]. ئەم دۆخە دەیسەلمێنێت کە نەریتی

دەوڵەتی ئیلخانی لەژێر فشاری کولتووری ئیسلامدا بوو، پوختەی ناوەڕۆکی نامەکەی (غازان) باسکردنی چەند بابەتێک بوو، لەگرنگترینیان :

1-باسکردنی ئەو هەڵمەتە سەربازیەی کە مەمالیکەکان لە ساڵی (٦٩٨ك/ ١٢٩٨ز) کردبوویانە سەر ناوچەکانی ماردین و دەوروبەری[٥]، تیایدا باسی ئەو دەستدرێژیەی کردبوو کە کرابووە سەر سنوری دەسەڵاتەکەی، بە شێوەیەکی توند وتەکانی ئاڕاستەی سوڵتان کردبوو کە یاسای فەرمانڕەوایانی پێشێل کردووە.

2-هەروەها هەوڵیدا لەنامەکەدا بەهانە بهێنەتەوە بۆ ئەوەی کە نەیتوانیوە لە سساڵی پێشووتر بێتە وڵاتی شام ، ئاماژەی بەوە کردووە گوایە زیان بە ماڵ و سامانی موسڵمانان دەگات بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکەی داوە ، (المنصوري، 1998 ، ص352- 353؛ العيني، 2010، ج٤، ١٣٤؛ النويري، 2004، ج31، ص ٢٦٦؛ القلقشندي، 1915، ج8، ص 70- 72).

3-لەکۆتایشدا هیوای خواست دەستپێشخەری بکات بۆ باشترکردنی بارودۆخەکانی نێوانیان، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز ئاماژەی بەوە کرد ئامادەیە بۆ شەڕکردن (المنصوري، 1998 ، ص352- 353؛ العيني، 2010، ج٤، ١٣٤؛ النويري، 2004، ج31) ، واتە ئەگەر سوڵتان بە ئاشتی ڕازی نەبێت دووبارە جەنگ ڕوودەدا ڕەنگە هۆکاری بەکار هێنانی ئەم شێوازە بۆ ئەوە بووبێت تاوەکو سوڵتانی مەمالیک بە ڕێکەوتنەکە رازی بێت.

لە نامەکەدا چەند ئاماژەیەکی پەیوەست بە خواستی غازان بۆ ملکەچکردن و حوکمڕانی لە شانشینی شامدا هاتبوو بۆ ئەوەی ببێتە تاکە پارێزەری ئیسلام و موسڵمانان لە ناوچەکەدا لە جێگای سوڵتانی مەمالیک بگرێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک ئاماژەی تێدابوو کەتیایدا فەرمانڕەوایانی میسری تۆمەتبارکرد بوون بە نادادپەروەر و کەمتەرخەم ناوی هێنابوون.

هەموو ئەمانە مەبەستەکانی غازانی بەدەرخست ، بۆیە سوڵتان کاتێک وەڵامی نامەکەی دایەوە ، دوای شرۆڤەکردنی بابەتەکە بڕیاریدا سەرۆکی شاندەکە قازی (كمال الدين الموصلي) بانگهێشت بکەن و چەند پرسیارێکی ئاڕاستەبکەن، پێدەچێت گومانی لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هەبووبێت سەرەڕای موسڵمانبوونی غازان، بەڵام پێویست بوو بۆ مەمالیکەکان دەق و نیازەکان پشتڕاست بکەنەوە، بەمەبەستی گەیشتن بەدروستی بابەتەکە ، لەئەنجامدا ئەو وەڵامانەیان دۆزیەوە کە لەلایەن ئیلخان( غازان) بە بالیۆزەکەیدا ناردبووی.

بۆیە لەهەمان ساڵ بڕیاریاندا بەدارشتنی وەڵامی نامەکەی ئیلخان (غازان) کە لەلایەن نووسەر قازی (علاء الدين علي فتح الدين محمد )(م.٧١٧ك/١٣١٧ز) ،کوڕی دادوەری کۆچکردوو ( محى الدين عبدالله بن عبدالظاهر)، نوسراوەتەوە (المنصوري،١٩٩٨، ص ٣٥٦-٣٥٧؛ النويري، ٢٠٠٤، ج ٣١، ص 267).

دەستپێکی نامەکەی سوڵتان بەناوی خوا و درود و سەلام بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەستیپێکرد، لەڕووی ئەدەب و شێوازی دەربڕینی وشەکان سیفەتی باڵاتری هەبوو بەبەراورد بەنامەکەی ئیلخان (غازان)، سوڵتان بە شێوازی دیپلۆماسیانە وەڵامی يەك بەيەکی پرسیارەکانی داوەتەوە، گرنگترین بەشەکانی ئەم نامەیە بەم شێوەیەیە، نکۆڵی نەکردووە لەهێرشی تاڵانکاریی سەربازانی مەمالیك بۆ سەر شاری ماردین و دەوروبەری، دڵگران و نیگەران بوون بەوەی بەم شارە کراوە سزادان تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە زیانیان بەم ناوچانە گەیاندووە، لە درێژەی نامەکەدا سوڵتان ئاماژەی بەوەکردووە ئەمە وێنایێکی ڕوونە لە بەهانەی مانەوەی دوژمانان لەم ناوچەیەدا مەبەستی ئیلخانیەکان بوو، ئەوە بۆتە هۆکاری وێرانکاری ماردین ، واتە وەڵامی داوەتەوە هەردوو لایەن تۆمەتباری ئەم ڕووداوەن ،لە بڕگەیەکی دیکەی نامەکەدا بیریان دەخاتەوە کە تەنها (غازان) موسڵمان بووە و باوك و باپیری بێ باوەڕبوون، بۆیە ناکرێت ڕوداوی شاری ماردین بخاتە قاڵبێکی ئاینییەوە (المنصوري،١٩٩٨، ص ٣٥٦-٣٥٧ ؛ العيني،٢٠١٠، ج٤،ص ١٥٩).

لەگرنگترین ئەو خاڵانە کە ئاماژەیان پێکرد بوو:

سوڵتان الناصر هەوڵیدا بانگەشەی غازان پووچەڵ بکاتەوە لەوەی کە بیانووی نیشتەجێ بوونی لەپەراوێزی وڵاتدا بۆ ئەوە گەڕاندبۆیە کە بۆ مەبەستی وێران نەبووی وڵاتی موسڵمانان ئەم کارەی کردووە. (الدواداري، 1971، ج ٩، ص ٥٦ ،٦٨، ابن تغري بردي،١٩٩٢، ج٨،ص١١٢ ). مەبەست لێرەدا سوڵتان ئاماژەی بەوەکردووە کە غازان لەپانای موسڵمان بوونی

کـاری پـێچەوانەی ئـاینی ئیسـلام کـردووە ، بەڵام بـۆ پۆشـینی ئەو هەڵانەی کە کردوویەتـی هەوڵیـداوە شـەرعیەت بە ئەنجامی کارەکانی بدات.

1-سوڵتان ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو پێگە ئاینییە بێت کە پێی خۆش بوو، کە لە پێشەنگی پاراسـتنی ئیسـلامدا بـوو، ملکەچبــوونی بــۆ ئیلخانیەکــان ڕەتکــردەوە کە لەچەنــد ســاڵی ڕابــردوو یەکێــک بــوون لە دوژمــنە ســەرەکیەکانی ئیسلام(الصیاد،1987،ص 290؛ طقوش ،١٩٩٩، ص246)

2-سەرەڕای مشتومڕی نامەکان سوڵتان بەشێوازێکی دیپلۆماسیانە خواستی خۆی دەربڕیی بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئاشتی و دۆستایەتی نێوانیان بۆ مەبەستی چاکەی ئەو دوو وڵاتە(طقوش ،١٩٩٩، ص ٢٤٧)

*چەند سەرنجێک لەسەر نامەی هەردوو لایەن:

بۆ مەبەستی بەرقەرار کردنی ئاشەوایی نامەیەک لەلایەن غازان نێردرا بۆ سـوڵتان النـاصر محمـد نـاوەڕۆکی نـامەکە دوو شێواز بوو ئەوانیش، ١- هەڕەشە ٢-بەڵـین و داوای بەدیهێنـانی ئاشـتەوایی کە تیایـدا تونـدی و بـوێری خـۆی نیشـان داوە لەوەی ئەگەر سوڵتان رازی نەبێت شەر ڕوودەدات

سەبارەت بە نامەی مەمالیکەکان خواستی نووسەران لەمر سـەردەمەدا وایکـرد زیـاتر تواناکانیـان بەدیـاربخەن، هەر بـۆیە لەمایانەی وەڵامدانەوەی نامەکەی غازان شێوازێکی سیبلۆماسیانەتری بەکارهێنا لە وتەو خستەنڕووی بابەتەکـان هەروەهـا لە ئاماژەکردن بەناوی غازان ، بەهەمـان شـێوە دوو جـۆرە شـێواز تێبینـی دەکرێـت کە لەبـرگەیەک دا هەڕەشـەی لە غـازان کردووە ، لە ئەوەی دیکەیان گومـان لە داواکـاریەکەی غـازان بـۆ بەدیهێنـانی ئاشـتەوای نێوانیـان ، سـوڵتان بە سیاسـەتی زیرەکانی خۆی هەوڵیدا دلسۆز غازان لە مەبەستەکەی بسەلمێنیت بگاتە وەڵامی پرسیارەکان.

تێبینـی ئەوە دەکرێـت هەردوو لایەن سـیفەتی سروشـتی تونـد و پێـداگری و بوێرییـان هەبـوو ، هەروەهـا ڕوونە کە بەردەوامبوونی ململانێی نێوانیان. شتێکی سروشتی بوو بەو پێـیەی دراوسـێن، هەریەکەیـان باوەڕیـان بە بیـرۆکەی شـەڕ و بنەمای فەتحکردن هەبووە بۆیە ناردنی نامەکان کاریگەری نەکردە سەر بنبڕکردنی ئاڵنگاریەکانی نیوانیان.

دوای ئەوە بڕیاریاندا بە ناردنی شاندێک بۆ کۆشکی ئیلخانیەکان ، پێکهاتبوو لە: قازی (عـیماد الـدین بـن السـكری) [٨]میـر (حسام الدين ازدمير المجيري)[٩] قازی(شمس الدین محمد التیتي)[١٠] ، یاوەری بالیۆزانی ئیلخانیان کرد، لەگەڵ پێدانی بڕی (١٠)هەزار درهەم و چەنـد قوماشـێکی گرانبەهـا، نـاوبراوان لە سـاڵی (٧٠١ك/ ١٣٠١ز) بەرێکەوتـن بـۆ مەبەسـتی گەیانـدنی وەڵامی نامەکەی سوڵتان بـۆ ئیلخان(غـازان) لەگەڵ پێشـکەش کردنی دیارەکـان (النـويري، ٢٠٠٤، ج٣٢،ص ٩؛ الـدواداري ، 1971، ج9، ص 75، ص 129؛ الهمذاني، 1997، ج3، ص 266).

هەڵبەت تاهاتە سەردەسەڵاتی ئیلخان(محمد خدابنده) (اولجايتو)(٧٠٣-٧١٦ك/١٣٠٤-١٣١٧ز) ڕێگایان نەدا شاندی مەمالیك بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان، بۆ ماوەی نزیکەی (٢) ساڵ لەقوتابخـانەیەك دەستبەسـەر کـران ، دوای مردنـی ئیلخان(غـازان) توانیان بگەڕێنەوە وڵاتـی میسرـ(المنصـوري، ١٩٩٨، ص ٣٥٦؛ الـدواداري، ١٩٧١، ج٩، ص ٦٥؛ المقريـزي، ١٩٩٧، ج٢، ص ٣٤١- ٣٥٢). هۆکاری بڕیارەکەی ( غازان) روون نیە کە بۆچی دەستبەسەری کردوون؟

سەبارەت بەو ڕووداوە مێژوونوسان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەوانە:

مێژوونوسی دەرباری ئیلخانەکان (رشیدالدین الهمـذاني)(م٧١٨ك/ ١٣١٨ز) لەهەمـبەر ئەمر باسـەدا بەشـێکی ئەمر دۆخەی ڕوونکردۆتەوە، گوایە وەکو پێویست وەڵامـی نـامەکەی غازانیـان نەداوەتەوە بـۆیە ڕێـگەی نەداوە بگەڕێنەوە ( ١٩٩٧، ص 269)، هەرچی زانیاریەکانی مێژوونوس (ابـن ایبـك الـدواداري)( م ٧٣٦ك/ ١٣٣٦ز)، ئامـاژەی بەوەکـردووە میـر (حسـام الــدین المجیــري) لەگەڵ (غــازان) کۆبــووەتەوە[٨]، ئیلخــان وەڵامــی بــاڵیۆزانی بەدڵ نەبــووە (1971، ج9، ص 75). مێژوونوسانی هەردوولا ئاماژەیان بەو خاڵە کردووە ئیلخان (غازان ) وەڵامی نامەکەی سوڵتانی بەدڵ نەبووە بـۆیە ڕێگـری کردووە لە گەڕانەوەیان.

بەبۆچوونی ئێمە ئەوەندەی لە کتێبەکەی (القلقشندي، 1915، ج7، ص 243) تێبینـیمان کـرد، نـاوی ئیلخـان بە شـێوازێکی سادە لەنێوان دێڕەکاندا نووسراوە واتە بەبێ ناسـناوی بەرز و پلەبەنـدی، تەنهـا بە ناسـناوی سـوڵتانی گەورە (السـلطان المعظم)ناوی هێناوە ، ئەوە بووەتە هۆکاری کاردانەوەی غازان و تورەبـوونی بـۆیە رێـگەی نەداوە نێـردراوان بگەرێـنەوە

وڵاتەكەیان . لسەرچاوەكان باسیان لە هەڵوێستی مەمالیكەكان نەكردووە كە ئایا بەدواداچونیان بۆ ئەم بابەتە كـردووە ؟ یاخود نەگەڕانەوەی بالیۆزانیان كاریگەری كردۆتە سەر هەڵوێستی سوڵتان لەبەرامـبەر هـاتنی شـاندی دووەمـی ئیلخـانی بەشێوازێكی دیكە میوانداری كارابن ؟

(غـازان) لە سـاڵی( ٧٠٢ ك/ ١٣٠٢ز) دووەم شـاندی نـاردە میسرـ بەگـوێرەی ئەو زانیارییـانەی مێژوونوسـان، (بیـبرس المنصوري) (م٧٢٥ك/ ١٣٢٥ز) و (النويري)(م ٧٣٣ك/ ١٣٣٣ز) خستویەتیانەڕوو تەنهـا ئاماژەیـان بەوە كـردووە لە سـاڵی ( ٧٠٢ك/ ١٣٠٢ز)، نێـردراوان لە قەڵای( الجبـل) لە بەردەم سـوڵتان ئامـادەبوون، پەیـامەكی زارەكییـان بەسـوڵتان گەیانـد، چاوەڕێ بوون وەڵامـی پێویسـتیان بـدرێتەوە و دوای ئەوە بەفەرمـانی سـوڵتان دەسـتبەجێ بڕیـاری گەڕانەوەی شـاندەكە دەدرێت ، بۆیە لە(ساڵی ( ٧٠٢ك/ ١٣٠٢ز) قـاهیرە بەجێدەهێلن(المنصـوري، ١٩٩٨، ص 366؛ النـويري، ٢٠٠٤، ج32، ص ٩-١٠؛ ابن كثير، 1998، ج18، ص 17). هیچ زانیاریەكی دیـكە لەسـەر نـاوەڕۆك و ئامـانج و مەبەسـتی ئەم نـامەیە ئامـاژەی پێنەكراوە ، بەڵام واپێدەچێت بۆ هەمان مەبەستی پێشوو نێردراوان ڕەوانەكرابن.

لێردا تێبینی ئەوە دەكرێت ڕەنگە بڕیـاری گەڕانەوەی دەسـتبەجێی نێـردراوان لـێكەوتەی ئەو هەڵوێسـتەی غـازان بێـت كە بەرامبەر بە نێردراوانی مەمالیك كردوویەتی

هەڵبەت موسڵمانبوونی-ئیلخان (غازان) نەبووە مایەی كۆتای هێنان بەشەڕو ناكۆكیەكانیـان، بـۆیە لەم مـاوەیەدا شـەڕی (شقحب) (مرج الصفر) لەساڵی (٧٠٢ك/ ١٣٠٣ز) ڕوویدا تیایدا مەمالیكەكان سەركەوتن بەسەر مەغۆلەكاندا، دەرئەنجامی ئەمە بەدیل گرتنی ژمارەیەك لە شەڕكەرانی مەغۆل بوو، سـوڵتان (النـاصر محمـد) دواهەمـین نـامەی خـۆی بەدیلێكـی ئیلخانی بۆ ئیلخان(غازان) دەنێرێت، لە نـاوەڕۆكی نـامەكە (٩) ئامـاژەی بەتوانـا و جـوامێری سـەربازانی مەمالیـك كـردووە لەگەڵ ئەو كوشتیاریەی كە بەهۆی ئەم شەڕەوە ئەنجامدراوە (المنصوري، ١٩٩٨، ص 366؛ النـويري، ٢٠٠٤، ج 32، ص 9-10). بەكۆچی دوایكردنی غازان پەیوەندیەكانیان پێ ناوەتە قۆناغێكی دیكەی مێژووی.

چەند سەرەنجێك لەسەر پەیوەندیە دیبلۆماسیەكانی ئیلخان ( محمود غازان ) لەگەڵ مەمالیكەكان:

بەپێی ئەو زانیاریانەی كە لەسەرچاوەكاندا هاتووە هەرچەندە ناوبراو موسڵمان بووە، بەڵام بەپێی خواستە سیاسـییەكانی خـۆی ئـاڵوگۆڕی شـاندەكانی لەگەڵ دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوا كـردووە. بـۆیە دەكـرێ بگوترێـت، (غـازان) بە جیـاكردنەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەكانی لە بیروباوەڕی ئایینی خۆی، چـالاكییە سیاسـییەكانی ئەنجامـداوە. ئەوەی سـەرنج ڕادەكێشـێت هەمیشە ناسنامەی موسڵمانبوونی خۆی لە دژی مەمالیكەكان دوویات كردۆتەوە و ڕایگەیاندووە حـاكمی ڕەوایـی جیهـانی ئیسلامە، هێزەكانی خاچییەكانی وەك هاوپەیمان سەیركردووە و مەمالیكی وەك دوژمنی هاوبەش پێناسـەكردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لەگەڕان بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئـاڵوگۆڕكردنی بـالێۆزانی لەگەڵ دەوڵەتـی مەمالیك. دەرئەنجامی ئەوە نەییانتوانی دانوستانەكانیان سەركەوتوو بێت دووبارە پێكدادان لە نێوانیان ڕوویداوە.

غازان بە پێی مەزهەبی سوننە موسڵمان بوو، كە زۆربەی موسڵمانانی ئێـران و عێـراقیش بەدوایـدا هـات، و بەم شـێوەیە بوو بە سوڵتان بۆ موسڵمانانی سوننە و شیعەكان، و بە لێبـوردەییەكی زۆرەوە هـیچ جیـاوازێكی مەزهەبـی نیشـان نەدا، بـۆیە شـیعەكان لەلایەن ئەوەوە دڵنیـاكرانەوە لەوڵات، سـەرەڕای ئەوەی كە ڕاگەیانـدبوو سـەر بە مەزهەبـی سـوننەیە (شبولر، ،1982 ص72؛ رجب، د.ت، ص212). پاشان غازان بە خێرایی هاوسۆزی و مەیلی گەورەی بەرامبەر بە شـیعەكان نیشـان دا، لێـرەدا پرسـیاری ئەوە دێتە ئـارا بـۆچی غـازان ئەوەنـدە هاوسـۆزی بـوو لە گەڵ شـیعە كـان؟ هۆكـاری ئەم هاوسۆزیە دەگەڕێتەو ەب ۆ سیاسەتی لێبوردەیی مەغۆلەكان بەرامبەر بە ئایینەكان و ڕێزگرتن لە مەزهەبەكان بوو

بەڵام ئەگەر بەدواداچوون بـۆ ڕووداوەكـان بكەیـن بۆمـان دەردەكەوێـت كە ئەمە لەبەر چەنـد هۆكـارێكە كە هەنـدێكیان پەیوەندییان بەو هۆكارانەی هەیە كەكاریگەرییان لەسەر پەروەردەكردنی و دروستبوونی كەسایەتیەكەی غـازان هەبـوو و هەندێكیشیان پەیوەندییان بە بارودۆخە ناوخۆی و دەرەكییەكانی ئیلخانییەكان هەبـوو كە دووچـاری بـوون و هەر بـۆیە ئەم هۆكارانە دەتوانرێت پوخت بكرێتەوە لەچەند خاڵێک لەوانە:

١-غازان ویستی ئەوە بوو هەموو هێزە جیاوازەكـان كـۆنترۆڵ بكـات و بیانخـاتە ژێـر كـاریگەری خـۆی، مەغـۆل و تـورک، عەرەب و فارس، یان سوننە و شیعە بن (القزاز، ١٩٧٠، ص٢٩٧؛ دۆرۆتیا، ١٩٩٣، ص189).

٢-پێداگری و جۆش و خرۆشی چڕی غازان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەمالیكەكان لە میسر و شام، تەنانەت دوای ئەوەی موسڵمان بوو و مەزهەبی سوننەی گرتەبەر، مەزهەبی مەمالیكەكنیش بوو (العریني، 1967 ص335؛ الصیاد،1987 ص311)

شیعەكان دەرفەتی ئەوەیان وەرگرت كاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕی غازان هەبێت بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ بیروباوەڕی خۆیان. بۆیە كەوتە بەر فشاری ڕاستەوخۆی شازادەیەكی مەغۆلی شیعە بە ناوی (طرمطاز)، كە زۆر هەوڵی داوە غازان مەزهەبی شیعە، وەربگرت بۆ ئەوەی شیعەكان سوود لە پێگەی غازان وەرگرن. هەڵبەت لەبەر ئەوەی زۆرینەی موسڵمانانی ئیلخانی سوننە مەزهەب بوون، كاریگەرییان هەبووە لە پووچەڵكردنەوەی ئەو پرۆژەی غازان بۆ گۆڕینی مەزهەبی (الصیاد،١٩٦٧،ص١٤٤). بۆیە هەوڵەكان سەركەوتوو نەبوو هەر لەسەر مەزهەبی خۆی ماوەیەوە، تەنها هەوڵیدا پشتیوانی شیعەكان بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی شەرعیەت بدات لەشەڕەكەی كەلەشام ئەنجامیدا دژ بە دەوڵەتی مەمالیكی سوننە.

### ١-٢ پەیوەندی سوڵتان (الناصر محمد) لەگەڵ ئیلخان (محمد خدابندە)(اولجایتو) (703-716 ك /1304-1316ز) و ئیلخان (ابو سعید خدابندە بهادرخان)(٧١٦-٧٣٦ك/ ١٣١٦-١٣٣٦ز):

لەماوەی فەرمانڕەوایەتیكردنی ئیلخان (محمد خدابندە)، هەوڵیدا چارەسەری ئاڵنگارییەكانی بكات لەگەڵ دەوڵەتی مەمالیك، دوای پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی نوێ لە پێشینەكانی، لەساڵی (٧٠٣ك/ ١٣٠٤ز) شاندێكی نارد بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێك بەسوڵتانی مەمالیك كە جەختت لە پەرۆشی خۆی دەكاتەوە بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییە ئاشتەوایی و دۆستایەتیەكانیان(العیني، 2010، ج4 ، ص٣٢٠).

بۆیە لە ساڵی (٧٠٤ك/ ١٣٠٥ز) دەستبەجێ هەستا بە ئازادكردن و ناردنەوەی باڵیۆزانی میسر كەلەساڵی (٧٠١ك/ ١٣٠٢ز) نێردرابوونە لای (غازان) خان قەدەغەی كردبوو لەگەڕانەوەیان بۆ وڵاتی میسر، لەم ماوەیەدا ئیلخان(محمد خدابندە) گرنگییەكی زۆری بەنێردراوانی مەمالیك داوە، تەوەرەی گفتوگۆكانیانی نێوانیان زیاتر لەسەر هێنانەدی ئاشتی، بەرقەرار كردنی هێمنی و ئاسایش، كۆتایی هێنان بە ناكۆكییەكانیان و گرینگیدان بەڕێگا بازرگانیەكان و كاروبارەكانی دیكە بووە (القاشاني، 1348 ه. ش، ص 42؛ وصاف الحضرە، 1338ه.ش، ص 372). دەرئەنجام بە ئازادكردن و ناردنەوەی باڵیۆزانی مەمالیك بۆ میسر ڕەوتی پەیوەندییەكانیانی گۆڕی بەرەوە باشتر هەنگاویان ناوە.

دوای ئەوەی باڵیۆزانی مەمالیک بەرێكەوتن بەرەو میسر باڵیۆزی ئیلخانیەكان یاوەریان كردن ،بۆیە كاتێك وڵاتی ئیلخانیەكان بەجێهێشت، سەرەتا لە دیمەشق وەستان و لەوێ بە ڕێوڕەسمی تایبەت پێشوازیان لێكرا، پاشان لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ( ٧٠٤ك /١٣٠٥ز) گەیشتنە لای سوڵتان، بەگوێرەی تۆمارەكانی مێژوونوس (ابن ایبك الدواداري)( م.٧٣٦ک/١٣٣٦ز)، ئیلخان(محمد خدابندە) بەم شێوەیە لە نامەكەیدا وتەكانی ئاڕاستەی سوڵتانی مەمالیك كردووە ،( (الناصر محمد) ئاغایەتی، واتە گەورەكەیەتی) بەم شێوەیە ئاماژەی پێكردووە ، ((ئەو محمدە، من محمدم))، ئاماژەیە بۆ ناوە موسڵمانەكەی، داوای كردووە ئاشتەوایی نێوانیان ماوەی(٥٠) ساڵ، كەمترینی (١٢) ساڵی پێویستە تا وڵات ئاوەدان بكەینەوە(الدواداري، ١٩٧١،ج9، ص 127-128).

لەبەشێكی دیكە نامەكە (محمد خدابندە) بۆ دەربڕینی هەڵوێستی خۆی ڕەخنەی توندی گرت لەسیاسەتی (غازان)ی برای بەرامبەر بەدەوڵەتی مەمالیك، ڕوون كردووە وتی، "غازانی برام هیچ هۆشی نەبوو بیر لە وێرانبوونی وڵات بكاتەوە، ئەو بە ڕووكەش موسڵمان بوو . بەڕەزامەندی من و فەرماندەیی مەغۆلەكان نەچووە بۆ وڵاتی شام ، بۆیە خوای گەورە كوشتی"، لەنامەكەدا ئاماژەی بەوەكردووە میرانی مەغۆل سڵاویان بۆ سوڵتانی میسر ناردووە و داوای ئاشتەوایی و كۆتایی هێنان بەناكۆكیەكان كردووە هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە بیستبوویان كە پاشا (انغاي[10]بڕیاری داگیركردنی وڵاتی داوە، بۆیە بەنیازن دەرگاكانی بەڕوویدا دابخەن و ڕوبەڕووی ببنەوە (الدواداري، 1971، ج9، ص 128- 129؛ ابن سباط، د.ت، ج2، ص 585)، هەر لەبەر ئەوەش ناوبراو پێشنیازی ڕێككەوتنی كردووە، بۆ ئەوەی وڵاتەكەیان بپارێزێت لە هێرشی مەغۆلەكانی (قەبجاق) ترسی لەوە هەبوو نەوەک لەگەڵ دەوڵەتی مەمالیك ڕێكەوتن بكەن و هێرش بكەنە سەر وڵاتەكەی (النویري، ٢٠٠٤، ج 9، ص 62؛ الدواداري، ١٩٧١، ج9 ، ص 128؛ المقریزي، ١٩٩٧، ج٢ ، ص ٣٧٩ ؛ ابن تغري

بردي، 1992، ج8 ، ص134). لەکۆتای نامەکەشدا وتوویەتی: "....خودا لێی خۆش بێت، هەرکەسێك شەڕانگێزی بێت خودا تۆڵەی لێدەکاتەوە..." (العيني، 2010، ج4 ، ص345).

شایانی باسە، ئەو پێشنیازو داواکاریانەی خان وەك خاڵێکی وەچەرخان بوو لە پەیوەندییەکاندا، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ میرو بەرپرسان ، داواکاریەکە لەلایەن سوڵتان قبوڵکرا بڕیاریدا بەناردنەوەی شاندی ئیلخان (خدابندە) لەسەرچاوەکان تەنها ئاماژە بەوەکراوە بە یاوەری دوو کەس لە میرانی مەمالیك بە ناوەکانی قازی (علاءالدين علي بن سيف الدين بلبان قليجي)، و قازی ( سليمان مالكي شيرايريقي)، لەساڵی (٧٠٥ك/١٣٠٥ز) گەڕانەوە میسر_ بە یاوەری شاندێکی دیکەی مەغۆلەکان (النويري، ٢٠٠٤، ج٣٢، ص 62).

ئیلخانیەکان لە پێشوتر و لەو سەردەمەش سیاسەتێکی دیبلۆماسیانەیان پەیڕەوکردووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر ، هاوکات لەگەڵ ناردنی نێردراوانی بۆ میسر بالیۆزی ناردۆتە وڵاتانی ئەوروپا و هانی داون بۆ ئەوەی خاکی مەمالیکەکان داگیر بکەن و تەنانەت پێداویستیەکانیشی بۆدابینکردوون (القزاز، ١٩٧٠، ص ٤٣٨). لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە لە ساڵی (٧٠٨ك/ ١٣٠٩ز) هەڵمەتەکانی چڕ کردۆتەوە بۆ سەر سنووری دەسەڵاتی مەمالیك (أبو الفداء ، 1999 ، ج4 ،ص80 ؛ النويري، 2004، ج30 ، ص 318، ج32 ،ص112 ، ابن الوردي، ١٩٩٦ ، ج2، ص 253).

لە دوای ئەو ماوەیە پەیوەندیەکانی نێوان ئیلخانی و مەمالیک تێکچوو بەهۆی کاریگەری بوونی مەزهەبی شیعە بەسەر (محمد خدابندە) ، مەزهەبی خۆی گۆڕی لە سونەوە بۆ شیعە، ململانێکانی چڕ کردەوە بەرامبەر بە مەمالیکەکان هەر بۆیە لە ساڵی( ٧١٢ک / ١٣١١ز) بە توندی گەمارۆی شاری (الرحبة)ی دا کە شارێکی سنووری نێوان مەغۆلەکان و مەمالیکەکانە و دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات. میر (بدرالدين موسى الازكشي_) جێگیری(الرحبە)ی کوشت نزیکەی بیست ڕۆژ مایەوە ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن ، دوای ئەوەی سوڵتان سەربازانی ئامادەکرد بۆ ڕووبەروو بونەوە ، (محمد خدابندە) ئەو گەمارۆیەی شکاند و گەڕایەوە ئێران بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مەغۆلەکان ببێتەوە(ابوالفداء، ١٩٩٩، ص ٨٤-٨٥؛ ابن كثير، ١٩٩٧، ج١٨، ص١٢٤)

هەروەها لە ڕووداوێکی دیکەدا لەساڵی (٧١٥ک/١٣١٤ز) کاتێک میری ماردین سەرپێچی لەهەندێ فەرمانەکانی سوڵتانی مەمالیک کرد ، سوڵتان (الناصر محمد) بڕیاریدا بەناردنی سوپایەک کە لە _٦٠٠) کەس پێکهاتبوو بە سەرۆکایەتی میر (شهاب الدين قرطاي)، لەماردین چاویان بەهێزێکی مەغۆل کەوێت بە نزیکەی (١٠٠٠) سوارچاک بوون بۆ مەبەستی وەرگرتنی باجی ساڵانە هاتبوونە ماردین ، میر(قرطاي) هێرشی کردنە سەریان ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن و ژمارەیەکیشی لێ بەدیل گرتن ئەوە بووە مایەی دڵخۆش بوونی سوڵتان (عبدالمنعم ،٢٠٠٠،ص ٤٣)

لێکەوتەی ئەم ڕووداوە بووە هۆی تورە بوونی سوڵتان (محمد خدابندە) ، بۆیە بڕیاریدا بە ئاراستەیەکی دیکە گورزێکی توند لە مەمالیکەکان بدات ، ئەویش کۆنترۆڵکردنی دوو مزگەوتی پیرۆز بوو دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی شەریفەکانی عەلەوی لە وڵاتی حیجاز بۆ لای خۆی. ئەو دەرفەتەی هاتە پێش کاتێک (حمضية بن أبي نمی ) میری مەککە ناکۆکی لەگەڵ براکەی پەیدابوو هاتە لای اولجایتو ، لە ساڵی( ٧١٦ک / ١٣١٦ز) (اولجایتو) بەهۆی ناکۆکییەکەی ڕێزی لێگرت، بۆ ماوەی مانگێک مایەوە ، پاشان پێشنیازی بۆ اولجایتو کرد کە سوپای مەغۆلەکانی بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بەرەو حیجاز بچن و خاوەندارێتی بکات و وتاری خۆی لەسەر مینبەرەکانی پێشکەش بکات، بەڵام بەهۆی مردنی (محمد خدابندە) ئەنجام نەدرا(عبدالمنعم ،٢٠٠٠،ص ٤٣)

ئاماژە بەوەکراوە دوای ئەوە (محمد خدابندە) گەڕاوەتەوە سەر مەزهەبی سونە و پەیوەندیەکانیان دووبارە دەستی پێکردەوە.

سەرچاوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، تادوا قۆناغی فەرمانڕەوایەتکردنی سوڵتان (الناصر محمد) . سوڵتان لە ژێر سایەی میرە باڵاکاندا حوکمڕانی وڵاتی کردووە، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە دەستی کردووە بەخەباتێکی سیاسی، سەرەتا دەستبەرداری تەختەکەی بووە و پایتەختی بەجێهێشتووە، دواتر بەبەشداریکردن لە خەباتێکی سیاسیدا توانیویەتی تەختەکەی بەدەستبهێنێتەوە. سەبارەت بە پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی نێوان ئەم دوولایەنە بەو پێیەی (محمد خدابندە) لەم ماوەیەدا لەگەڵ مەمالیکدا لە ئاشتیدا بووە و کەمتر هەوڵیداوە هاوپەیمانی ببەستن لە دژی مەمالیك، ئەم

بارودۆخە بەردەوام بوو دوای مردنی ئیلخان (محمد خدابنده) پەیوەندی نێوان مەمالیك و ئیلخانییەكان لە و سەردەمە لە نێوان ناتەبایی و ئاشتەوای دابوو تا كۆتایی دەسەڵاتی بەردەوام بوو (الفقي، ١٩٨٧،ص٣٢٧)

دوای ئەوە كوڕە (١٠) ساڵانەكەی (ابو سعید) ، دەبێتە فەرمانڕەوایی ئیلخانیەكان لە ژێر سەرپەرشتی میر (جوبان)[11] كاروباری دەوڵەتی بەڕێوەبردووە، باشبوونی پەیوەندییەكانی سوڵتانی مەمالیك و ئیلخان ( ابو سعید)ی بەدوایدا هات(النویري، ٢٠٠٤، ج 32، ص187؛ ابن كثیر، 1998، ج18، ص 153؛ الدواداري، 1971، ج9، ص 289؛ ابن تغري بردي، ١٩٩٢، ج9، ص 238- 239).

شایانی باسە، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی كردنی ناوبراو جیاوازتر لە سەردەمانی پێشوو ژمارەیەكی بەرچاو لە شاند و نێردراوان ئاڵوگۆڕیان پێكراوە، لە ساڵی (٧٢٠ك/ ١٣٢٠ز)چالاكی پەیوەندیەكانیان دەستی پێكردەوە، یەكێك لەم كەسایەتیە دیارانەی كەلەم قۆناغەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە لە باشكردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەكانیان، بریتی بوو لە (مجد السلامي)[11]، لەلایەن ئیلخان (ابوسعید) نێردراوەتەوە لای سوڵتانی میسر، سەرەتا گەیشتۆتە دیمەشق بۆ ماوەی ڕۆژێك ماوەتەوە، دواتر چۆتە وڵاتی میسر لەوێ لەلایەن قازی (كریم الدین الكبیر) پێشوازیان لێكراوە(ابن كثیر، ١٩٩٨، ج18، ص 204؛ المقریزي، ١٩٩٧، ج3،ص ص 29-30). ناوبراو بەسوڵتانی ڕاگەیاندووە ئیلخانەكان ویستی ئاشتەوایی هەیە و دیاری و بالیۆزان لە ڕێگان(ابو الفداء، ١٩٩٩، ج٤، ص ١٠٥- ١٠٦؛ المقریزي، 1997، ج2، ص 526)، سوڵتانیش فەرمانی كردووە بەڕێزەوە لەپێشوازی ئەم شاندە دابن ، دوای گەیشتنیان نامەیەكی ئیلخان (محمد خدابنده)یان پێشكەشی سوڵتان كرد، كە تیایدا مێژوونوس (المقریزي) ئاماژەی بەوە كردووە بۆ مەبەستی بەرقەراركردنی ئاشتەوایی لە نێوانیان هاتوونەتە وڵاتی میسر، لەنامەكەدا خانی مەغۆل چەند مەرجێكی پێشنیاز ێكی ئاراستەی سوڵتان كردبوو، لەگرنگترینیان :

١- هەركەسێك بێتە میسر، ناگەڕێتەوە لایان تەنها بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت.

٢- نابێت لە لایەن عەرەب و توركمانەكانەوە هێرشیان بكرێتە سەر.

٣- كردنەوەی ڕێگای بازرگانی لەنێوان هەردوو دەوڵەت.

٤- ئاسانكاری ڕێگای كاروانی حاجیان لە عێراقەوە بۆ حیجاز(المقریزي، ١٩٩٧، ج3،ص ص 29-30).

دوای كۆبوونەوە و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی میرانی مەمالیك لە ساڵی(٧٢١ك/ ١٣٢١ز) بە فەرمی لەلایەن سوڵتان(الناصر محمد) ڕێكەوتنامەی ئاشتەوایی واژووكرا[12] (النویري، 2004 ، ج33 ، ص31).

كاتێك شاندی ئیلخانی قاهیرەیان جێهێشت، سوڵتانی میسر میر(سیف الدین ایتمش محمد)ی[13] ڕاسپارد ، لەگەڵ چەند دیاریەكی گرانبەها بۆ وەرگرتنی سوێندی ئیلخان(محمد خدابنده) بۆ مەبەستی بەستنی هاوپەیمانی ئاشتەوایی(ابن خلدون، 2000، ج5، ص 620)، هەڵبەت سوڵتان نامەیەكی بۆ فەرمانڕەوایانی مەكە نارد بۆ ئاگاداربوونەوەیان لە بۆ ڕێزلێنان لە حاجیانی عێراق و لە دوای( الناصر محمد ) نزاكردن بۆ (ابو سعید) بكرێت لە مینبەرەكانی مەككە(الصیاد، ١٩٨٧، ص ٤٧٩)

لەلایەن ئیلخانیەكان پێشوازییەكی زۆر باش لە بالیۆزی مەمالیك كرا، لەمیانەی چاوپێكەوتنی ویستوویانە زیاتر ڕێز لەمیر بگرن، بۆیە شەرابیان پێشكەش كردووە واتە نەریتی مەغۆلەكان بوو لەم سەردەمە ، بەڵام میر(ایتمش) خۆی لە خواردنەوەی بەدوور گرتووە و داوای لێبوردنی لە خان كردووە، كە ئەو فەریزەی حەجی بەجێ گەیاندووە ناتوانێت شەراب بخواتەوە، هەرچەندە خانی مەغۆل بیانووی ڕێپێدان بەخواردنەوەی شەرابیان بۆ هێناوەتەوە، بەڵام بە داواكاریەكەی ڕازی نەبوو ، لە كاتێكدا ویستی ئەوەی نەبوو برگەكانی یاسای مەغۆلەكان پێشێل بكات(المقریزي، 1991، ج3، ص 340). لە درێژەی كاروچالاكیەكانی میر (ایتمش ) لە تەورێز لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئیلخانییەكان كۆبووەوە و پابەند بوو بەو دەقانەی كە پێشتر لەسەری ڕێككەوتبوون، و ڕێككەوتنەكە واژۆ كرا، جگە لەوەش دەقەكانی پەیماننامە و سوێند خواردنی هەر یەك لە ئیلخان(ابو سعید )و میر(جوبان) و وەزیر، لە تەورێز لەڕۆژی هەینی لەسەر مینبەری مزگەوت وتارەكە خوێندرایەوە، (ایتمش) دوای تەواوكردنی ڕێكارەكان بڕیاری گەڕانەوەیدا[14](النویري، ٢٠٠٤، ج٣٣ ، ص 48؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج5، ص 620؛ المقریزي، ١٩٩٧، ج2، ص ٦١).

میر (ایتمش) وەك دیپلۆماتكارێكی بەتوانا، لەم ماوەیەدا چالاكییە دیپلۆماسیەكانی ئەنجامداوە و بەشداری كردووە لە بەستنی ڕێكەوتننامەكە ، لە سەرچاوەكاندا باس لەوەكراوە بۆیە ئەم ئەركەی پێ سپێردراوە ، چونكە زانیاری وردی لەبارەی هۆزەكانی مەغۆلەوە هەبووە ، بۆیە ئیلخان(ابو سعید) داوای كردووە ناوبراو چالاكییە دیپلۆماسیەكان بەجێ بگەیەنێت توانیویەتی لەم ماوەیدا بەسەركەوتووانە كارەكانی ئەنجام بدات(ابن حجر، د.ت، ج١، ص ٤٢٣- ٤٢٤؛ ابن تغري بردي، 1985، ج3، ص 138). دوای تەواو بوونی كارەكانی لەساڵی (٧٢٣ك/ ١٣٢٣ز) بە یاوەری شاندێكی ئیلخانی گەڕاوەتەوە (ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج5، ص 620) لەگەڵ چەند دیاریەكی بەنرخ، كە پێكهاتبوو لە، كۆمەڵێك وشتری گەورەی خوراسانی ،چەند جۆرە ئەسپێك و كەلوپەلێك ، لەلایەن (محمد خدابنده ) بۆ سوڵتانی میسری نارد، تەوەری سەرەكی گفتوگۆكانیان سوێند خواردنی سوڵتان بوو ، لەكۆتایدا سوڵتان ڕازی بوو بە ڕاگرتنی هەڵكوتانە سەر یەكتر(النويري، 2004، ج33، ص 48؛ المقريزي، ١٩٩٧، ج3، ص ٥٥، ص 63). پێدەچێت ئەم ڕێكەوتنە لە ساڵی (٧٢١ک / ١٣٢١ز) ئەنجامدرابێت و لە كۆتایی ساڵی (٧٢٣ك/ ١٣٢٣ز) واژۆكرابێت، بەو هۆیەوە گۆڕانكاری گرنگ لە پەیوەندیەكانیان ڕوویدا.

لەوانە: كاریگەری هەبوو لە باشتركردنی پەیوەندی نێوان مەمالیك و مەغۆلەكانی ئیلخانی ئەم ئاشتەواییەوە كە بە خاڵی وەرچەرخان داندرا، لە مێژووی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو وڵاتدا، دۆستایەتی جێگەی دوژمنایەتی گرتەوە و بارودۆخیان ئارام بووە كەشێكی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەكەدا زاڵ بوو و ئاڵوگۆڕی نێردراو لە نێوان ئیلخانییەكان و مەمالیكەكاندا دەستی پێكرد

لە بارەی بەستنی ڕێكەوتنامەكە مێژوونووسان بۆچوونی جیاوازیان خستۆتەڕوو، لەوانە،(ابن ايبك الدواداري) هۆكارەكەی گەڕاندۆتەوە بۆ توانا و لێهاتووی میر جۆبان جێگیری خان (محمد خدابنده) (١٩٧١، ج9، ص ٣١٣).

هەرچی (ابن خلدون)ە (م٨٠٨ك/١٤٠٥ز) ئاماژەی بەوەكردووە بەهۆی بوونی هەڵمەتەكانی مەغۆلی (قەبجاق) لەسەر سنووری دەوڵەتەكەیان ترسی خستەسەر دەوڵەتی ئیلخانی نەوەک لەگەڵ مەمالیكەكان ڕێكبكەون و گورزێك لەئیلخانیەكان بدە بۆیە دەستپێشخەری كرد بە ئەنجامدانی ڕێكەوتنامەی ئاشتەوای (2000، ج5 ، ص 620). ئەم بۆچوونە زیاتر نزیكی سروشتی دۆخی ئەوسا بوو چونكە بەپێ ئاماژەكردنی سەرچاوەكان هاوكات (انغاي)، كوڕەزایی بەرەكەخانی سوڵتانی مەغۆلی قەبجاق ، لەساڵی( ٧٠٤ک / ١٣٠٥ز ) نێردراوی ناردۆتە لای سوڵتانی (الناصر محمد) بۆ مەبەستی پێكهێنانی هاوپەیمانیەک دژ بە مەغۆلە ئیلخانیەكان. (ابن الدواداري، ١٩٦٠،ج9 ، ص 128)هەبۆیە ئەو بۆجوونە زیاتر لە سروشتی بابەتەكەوە نزیكە.

لەڕوانگەی (المقريزي)هۆكاری بەهێزی دەسەڵاتی مەمالیك وایكرد ئیلخانیەكان ترسیان هەبێت و هەنگاوەكانیان بەرەو ڕێكەوتنی ئاشتەوایی بهاوێژن(١٩٩٧، ج2 ، ص526، ج3،ص 29-30).

گومانی تێدانیە لەسەردەمانی پێشوو بەهۆی زۆر ی شەڕ و كوشتن ، سوڵتان (الناصر محمد) هەوڵیدا پشت بە ئارامی و سەقامگیری ببەستێ بۆیە لێكەوتەكانی ئەم هاوپەیمانیتییە بووە هۆی دابینكردنی سەقامگیری و ئارامی ڕێگاكان و یەكگرتوی لەنێوان هەردوو لا دژ بەدوژمنیانیان(المقريزي، ١٩٩٧، ج2 ، ص526، ج3،ص 29-30؛ سرور، د.ت، ص ٢٠٨).

شایانی باسە، ماوەی ساڵانی (٧٢٠-٧٣٦ك/١٣٢٠-١٣٣٧ز) شایەتی سەركەوتنی پەیوەندییەكانیان بوو، بە مەبەستی و ئامانجی جیاواز نێردراوان ئاڵوگۆڕپێكردووە، لەوانە:

( مجد السلامي) بە ڕەزامەندی (ابوسعيد)دەقی پەیماننامەكە و چەند دیاریەكی گرانبەهای پێشكەشی سوڵتان كرد(النويري، ٢٠٠٤، ج٣٣ ، ص٦؛ ابن كثير، ١٩٩٨، ج ١٨، ص ٢٠٤- ٢٠٦). سەبارەت بەئەندامانی شاندەكە پێكهاتبوون لە، میر (حسن بن شادی بن سنجاق) سەرۆكی دادوەری سونجاق و تەبرێز، (نصرالدين محمد بن محمد قزويني الشافعي)،لەلایەن میر(بدرالدين بيبرس الصالحي) پێشوازیان لێكراوە(النويري، ٢٠٠٤ ، ج٣٣، ص ٣١).

لەم ماوەیەدا دوو شاندیان بۆهەمان مەبەست ڕەوانەكردووە، یەكیان ساڵی (٧٢٣ك/ ١٣٢٢ز)بوو بۆ داواكردنی كچی سوڵتان بۆ كوڕی میر جۆبان ، ئەوەی دیكەیان دوای دوو ساڵ لە ڕێگەی میر (تمربغا مرغيناني)[١٩]بوو، سوڵتان سەرەتا بەڕێزەوە داواكاریەكەی ڕەتكردۆتەوە لەبەر تەمەن بچووكی كچەكەی كە تەنها(٥) ساڵ بوو (النويري، ٢٠٠٤، ج٣٣، ص ٤٩)، دواتر بەڵێنی پێدان دوای تێپەڕبوونی (٣) ساڵ بەداواكاریەكەیان ڕازی دەبێت، بەڵام بەمەرجی ئەوەی لەبەرامبەردا ناوچەكانی دیاربەكری پێبدرێت (النويري، ٢٠٠٤، ج33، ص ٢١٣؛ المقريزي، ١٩٩٧،ج3، ص98).

له مێـژووی پەیوەنـدییەكانی نێـوان هەردوو وڵاتـدا كە هاوئـاهەنگی جـێگەی دوژمنـایەتی گـرتەوە، لەدوای واژوو كردنـی پەیماننامەی ئاشتی بارودۆخی ناوچەكە هێور بووەوە و كەشێكی ئارامی و ئاسایش زاڵ بوو و ئـاڵوگۆڕی نێـردراو لە نێـوان مەمالیك و ئیلخانیەكانداسەبارەت بە مەمالیكەكان، ئاشتەوایی بـۆ ئەوان سـودبەخش بـوو، جـگە لەوەی سـەقامگیری بـۆ وڵات مسۆگەر كرد، كە لە بەرامـبەردا خۆشـگوزەرانی ئـابوریی دابـین كـرد و بـووە هـۆی ئـاوەدانكردنەوەی وڵات، ڕەنـگە ئاشتەوایی بـۆ گەیشـتن بە هەنـدێك لە ئامـانجە سیاسـی و كەسـییەكان بەسـوود بێـت لە كـۆنترۆڵكردنی ئەو خـێڵانەی كە جیاوازیی ئەو دوو سیاسەتەیان بە دەرەفەت دەزانـی چەنـدین جـار سـوودیان لە نـاكۆكیی فەرمانڕەواكـانی ئەو دوو وڵاتە وەرگرتووە، دوای ئەوەی بڕیاری یەكخستنی سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە درا، تواندرا دەست بەسەر ڕێگای گواسـتنەوە نێـوان شام و حیجازدا بگرێت (القزاز، 1970،ص٤١٦)

هەرچی ساڵی ( ٧٢٤ك /١٣٢٤ز) بوو، بۆ مەبەستی پیرۆزبایی كردن بە بۆنەی جەژنی قوربـان شـاندێكی ئیلخـانی گەیشـتنە قاهیرە پێكهاتبوون لە، ( طوغان) [٣٠] و (الطواشي ريحان الخزندار) كەلەلایەن ( ابو سـعيد ) نێردرابـوو لەگەڵ (حـمزە)ی نێردراوی میر(جوبان) و لەگەڵ چەند دیاریەكی گرانبەها بۆ سـوڵتان، مێژوونـوس (ابـو الفـداء)(م. ٧٣٢ك/ ١٣٣١ز) باسـی لەوەكردووە خۆی ئامادەی ئەم دانیشتنە بوو لەكاتی هاتنی ئەم شاندە كە چەند دیارەیەكی ناوازەیان پێشكەشـی سـوڵتان كرد ، پێكهاتبوو لە،(سێ ئەسپ كە زینەكانیان لە زێڕ بوو، سێ (طوق)پشـتێن و شمشـێرەك بە زێـڕ ڕازنـدرابۆوە، لەگەڵ شاش (لۆكە بۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان)، و یازدە وشتر، هەروەها سندوقێكی پڕ لەو كوتاڵانەی لەوڵاتـانی فـارس و عێـراق دروستكرابوون و ژمارەیان (٧٠٠) پارچە بوو ناساوی سوڵتان (الناصر محمد) یان لەسەر نەخشاندبوو(١٩٩٩، ج4، ص 109-110؛ مجهـول، ١٩١٩، ص 174-175). لەبەرامـبەردا سـوڵتان ، (١٠٠) هەزار درهەم لەرێـگەی بـالیۆز (یوسـف بـن اسـعد الدمشقي الدوادار)[15] پێشكەشی ئیلخان (ابوسعید) كرد (ابن حجر ، د.ت، ج4، ص 449-450).

لە ساڵی ( ٧٢٦ك/ ١٣٢٦ز) نێردراوان بە نزیكەی (٤٠ ) سوارچاك لە نێویاندا هەر یەك لە میـر (طـاير بغـا )[٣١] و (يحی) ی كوڕی هاتوونەتە میسر ، لە سەرچاوەكاندا ئاماژە نەكراوە هۆكار هاتنیان چی بووە، تەنها باس لەوە كـراوە سـوڵتان گـوێی لە پەیامەكەیان گرتووە و پێزانینی بۆیـان هەبـووە و بەخشـشـێكی زۆری پێـداون، دواتـر گەیشـتونەتە دیمەشـق ئامـادەی نمایشی یاری پۆڵۆ (لعبە الكرة والصـولجان) [٣٢]بـوونە لەگەڵ جێگـری سـوڵتان دواجـار نێـردراونەتەوە وڵاتەكەیـان (أبـو الفداء ، ١٩٩٩، ج4، ص 111؛ ابن جزري، ١٩٩٨، ج2، ص 110؛ مجهول ، ١٩١٩،ص ١٧٧)، لەهەمان كاتـدا میـر(ایتمیش)ی نێردراوەتە لای ئیلخان(ابوسعید) و میر (جوبان) (أبو الفداء ، ١٩٩٩ ، ج4، ص١١١؛ ابن جزري، ١٩٩٨، ج2، ص 108-109).

ساڵی (٧٢٧ك/ ١٣٢٧ز) نێردراوانی (ابوسعید خدابنده)، بە سەرۆكایەتی ، (سیف الـدین اسـندمر)، لەگەڵ (محمـد بیـە بـن جمق )[٢٣] (النـويري، ج٣٣، ص ١٧٦ ، المقريـزي، ١٩٩٧، ج3، ص98)، بەئامـادەبوونی میـر و گەورە بەرپرسـان بە پۆشـینی كڵاو و جلوبەرگی گرانبەها بەجوانترین شـێوە پێشـوازیان لێكـردوون، دوای مـانەوەی نـزیكەی دوو هەفـتە لە دیمەشـق پاشـان چـونەتە دەروازەكـانی سـەڵتەنەت لە وڵاتـی میسرـ لەگەڵ سـوڵتان(الناصر محمـد) كۆبـونەتەوە ئەویـش گـوێی لە پەیامەكەیان گرتووە و دیاری نێردراوەكەیان قبـوڵ كـرد وە و بە میهرەبـانی مـامەڵەی لەگەڵـدا كـردوون، پاشـان لە قەڵای (الجبل) لەلای میر( ایتمیش محمدي) ماونەتەوە، دواتر نێرداوان ناوەڕۆكی پەیامەكەیـان لە (ابـو سـعید)ەوە پێگەیانـد، كەتیایدا داوای كچی سوڵتانیان كردبوو بـۆ كـوڕی میر(جوبـان) دوای وەڵامـدانەوەی سـوڵتان بۆیـان، مەرجـی ئەوەی بـۆ دانـاون كـوڕی میر(جوبـان) خـۆی بێـتە دەروازەكـانی سـوڵتانیەت( النـويري،٢٠٠٤، ج٣٣، ص١٧٦). هاوكـات نێـردراوان لە خزمەت سوڵتاندا بوون و بەڕێكەوتن بۆ سـەردانی گـۆڕی سـوڵتان (المنصـور)ی بـاوكی سـوڵتان (النـاصر محمـد)، دواتـر سەردانی چەند شوێنێكی دیكەیان كـردووە، لەوانە، بیمارسـتان و قوتابخـانەی (المنصـور) و(النـاصريە)، دوای مانەوەیـان نزیكەی هەفتەیەك لە میسر گەڕاونەتەوە دیمەشق، چەنـد پێداویسـتییەكی زۆری خـۆراك و پارەیـان بـۆ دابینكـرا، پاشـان گەڕاونەتەوە وڵاتەكەیـان. (النـويري،٢٠٠٤، ج٣٣، ص١٧٦ ؛ابـن الجـرزي، ١٩٩٨، ج٢، ص ١٨١-١٨٢؛ مجهـول، ١٩١٩، ص 178؛ المقريزي، ١٩٩٧، ج3، ص98).

لەماوەی ساڵانی (٧٢٨-٧٣٦ك /١٣٢٧-١٣٣٥ز) زیاتر پەرەیان بەپەیوەندیەكانیان داوە رەوشی باوی ئەو سەردەمە بوو بـایەخ بە ئاڵوگۆڕێ نامەو نێردراوانیان بكە ن ماوەی فەرمانڕەوایەتكردنی (ابو سـعيد بهادرخـان ) قۆنـاغێكی چارەنووسـاز بـوو لەمێژووی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ مەمالیكەكاندا (طقوش ،١٩٩٩، ص ٢٧٣) پەیوەندییەكانیان بەهێزتر بوو، و مەیلیان بـۆ ئاشتەوایی هەبوو دوای دوژمنایەتییەكی توند كە زیاتر لە نیـو سـەدەی خایانـد لە سـەرچاوە مێژووییەكـان ئاماژەیـان بەوە

كردووه‌ ئیلخان (ابو سعید) بۆیه‌ هه‌وڵی داوه‌ پشتگیری و لایه‌نگیری مه‌مالیه‌كان به‌ده‌ست بهێنێت له‌به‌ر چه‌ند هۆكار و پاڵنه‌رێك كه‌ زۆربه‌یان په‌یوه‌ندییان به‌ ده‌وڵه‌تی مه‌غۆلی فارسه‌وه‌ هه‌بووه‌ (حجة، ٢٠٠٥،ص٣٦٠).

ئیلخان (ابوسعید) به‌رده‌وام بوو له‌سه‌ر ئه‌م سیاسه‌ته‌ی بۆیه‌ له‌م ماوه‌یدا زیاتر له‌ جارێك نێردراوانی ناردۆته‌ لای سوڵتانی مه‌مالیك هه‌ڵبه‌ت زانیاری زۆر نیه‌ له‌سه‌ر ئه‌و نێردراوانه‌ ته‌نها ئاماژه‌ به‌ ساڵ وناویان كراوه‌ بۆیه‌ به‌شێوه‌یه‌كی پۆخت ئاماژه‌ی پێكراوه‌:

، له‌وانه‌ : له‌ساڵی (٧٢٨ك/١٣٢٧ز) له‌دوای سه‌ركه‌وتنیان به‌سه‌ر نه‌یارانیان شاندێكی (٣) كه‌سه‌ی به‌سه‌رۆكایه‌تی شێخ ( ارش بغا)[٢٥] و له‌گه‌ڵ كه‌سێك به‌ناوی (ایاجي )و ئه‌وه‌ی دیكه‌یان ( برجا ) [٢٦] هاتوونه‌ته‌ میسر، مه‌به‌ست له‌ هاتنیان گه‌یاندنی هه‌واڵی سه‌ركه‌وتنی سوڵتان (ابوسعید ) به‌سه‌ر میر (جوبان )، وه‌ جه‌ختكردن بۆ به‌رده‌وام بوون له‌ دۆستایه‌تی نێوانیان، سوڵتان (الناصر محمد) له‌ نزیك هه‌رمه‌كان پێشوازی لێكردوونه‌[٢٧]، به‌رامبه‌ر به‌وه‌ پاره‌ و دیاری زۆری پێشكه‌ش كردوون رێگه‌ی پێداون بگه‌رێنه‌وه‌ وڵاتی خۆیان(ابو الفداء، ١٩٩٩، ج4، ص 114-115؛ ابن الجرزي، ١٩٩٨، ج2، ص 250 ). له‌لایه‌ن مه‌مالیكه‌كانیش میر (ایتمش) به‌په‌یامێكی سوڵتان له‌گه‌ڵ (١٠٠) سوارچاك نێردراونه‌ته‌ لای خان (ابوسعید) (ابن الجرزي، ١٩٩٨، ج2، ص٢٦٩).

شایانی باسه‌، سه‌رچاوه‌كان هیچ زانیاریه‌كیان نه‌خستۆته‌ڕوو سه‌باره‌ت به‌نێردراوی مه‌مالیك، به‌ڵام وا پێده‌چێت بۆ مه‌به‌ستی گه‌یاندنی په‌یامی پیرۆزبایی سه‌ركه‌وتنی (ابوسعید) بێت.

شایانی باسه‌، له‌م ماوه‌یدا چه‌ند ڕوداوێك هاتونه‌ته‌ پێش كه‌كاریگه‌ری هه‌بوو له‌سه‌ر پته‌و بوونی په‌یوه‌ندیه‌كانیان ، یه‌كێك له‌وانه‌، كوژرانی كوڕی میر جۆبان له‌لایه‌ن مه‌مالیكه‌كان وایكرد شاندێكی دیكه‌ی ئیلخانی بگه‌نه‌ ده‌رباری سوڵتان، كه‌ له‌ (٧٠) كه‌س پێكهاتبوون داوای وه‌رگرتنه‌وه‌ی سه‌ری كوڕی (جوبان)یان ده‌كرد كه‌ له‌لایه‌ن سوڵتان (الناصر محمد ) كوژرابوو له‌به‌رامبه‌ردا سوڵتان (١٠) هه‌زار دره‌همی به‌خشییه‌ سه‌رۆكی شانده‌كه‌ له‌گه‌ڵ پێدانی (٣٠٠) دره‌همی بۆ هه‌ر یه‌ك له‌ئه‌ندام و هاوه‌ڵانی شانده‌كه‌(ابن الجرزي، ١٩٩٨، ج2، ص 271 ؛ مجهول، ١٩١٩، ص ١٧٩؛ ابن خلدون، ٢٠١٨، ج3، ص 1009).

له‌ساڵی (٧٣٠ك/ ١٣٢٩ز) به‌ بۆنه‌ی چاكبوونه‌ی سوڵتان (الناصر محمد) له‌ نه‌خۆشی، كه‌سێك به‌ناوی( حمزة) نێردراوی ئیلخانه‌كان ڕه‌وانه‌ی میسر كراوه‌(مجهول، ١٩١٩،ص ١٨٢؛ المقريزي، ١٩٩٧، ج٣، ص ١٢٩)، جێگای ئاماژه‌یه‌ له‌سه‌رچاوه‌كاندا هیچ زانیاریه‌كی دیكه‌ نه‌خراوه‌ته‌ڕوو له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ له‌ چۆنیه‌تی پێشوازیكردن و چۆنیه‌تی مامه‌ڵه‌كردنیان له‌گه‌ڵ نێردراوان.

له‌ (٧٣١ك/ ١٣٣٠ز) شێخ (ابراهيم بن خظر بن سنقر الاشقر)ی نێرده‌ی ئیلخانیه‌كان بۆ مه‌به‌ستی تكاكردن له‌لایه‌ن له‌ده‌سه‌ڵاتدارانی مه‌كه‌، دواتر چونه‌ته‌ دیمه‌شق و سه‌ردانی گۆڕستان و مه‌زارگایی پێغه‌مبه‌رانی كردووه‌ ، له‌گه‌ڵ پێشكه‌شكردنی چه‌ند خێرو سه‌ده‌قه‌یه‌ك به‌هه‌ژارو نه‌داران (مجهول، ١٩١٩،ص ١٨٣ ؛ ابن الجرزي، ١٩٩٨، ج2، ص ٤٥٨).

له‌ ساڵی (٧٣٢ك/ ١٣٣١ز) شاندێكی(١٠٠) كه‌سی به‌سه‌رۆكایه‌تی الحاج ( احمد) نێردراونه‌ته‌ لای سوڵتان له‌گه‌ڵ پێشكه‌شكردنی چه‌ند دیاریه‌كی گرانبه‌ها، كه‌ پێكهاتبوو له‌ (چه‌ند كه‌نیزه‌یه‌ك و دوو گۆرانی بێژ له‌گه‌ڵ چه‌ند دیاره‌كی دیكه‌ وه‌ك،( ئه‌سپ و وشتر له‌گه‌ل چه‌ند قوماشێكی گرانبه‌ها) ، دوو ڕۆژ دوای گه‌یشتنیان سوڵتان عه‌بای ئه‌تله‌س و به‌ زێر نه‌خشێنډراوی به‌ الحاج( احمد) به‌خشیووه‌ ، ناوبراو گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ وڵاته‌كه‌ی خۆی و زێر و پاره‌ی به‌خشیوه‌ته‌ هه‌ژار و نه‌داران. (الدواداري، ١٩٧١ ، ج9، ص ٣١٦؛ ابن الجرزي، ١٩٩٨، ج2، ص٥١٧). له‌ هه‌مان ساڵدا (ابوسعید) شاندێكی دیكه‌ ڕه‌وانه‌كردووه‌، كه‌ له‌ (٥) ئه‌ندام پێكهاتبوو به‌سه‌رۆكایه‌تی ( ابراهيم بن سنقر بن الاشقر ) ، به‌ڵام ئاماژه‌ به‌ ئامانجی چونیان نه‌كراوه‌، ته‌نها باس له‌وه‌كراوه‌ سوڵتان عه‌بای شه‌رفمه‌ندانه‌ی پێ به‌خشیوون دواتر چونه‌ته‌ وڵاتی حیجاز ئینجا گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ وڵاته‌كه‌یان(الدواداري، ١٩٧١ ، ج9، ص ٣٧١؛ مجهول، ١٩١٩، ص ١٨٥).

دوای ساڵێك دووباره‌ الحاج ( احمد) نێراوه‌ته‌ میسر له‌گه‌ڵ چه‌ند دیاریه‌كی جۆراو جۆر بۆ سوڵتان، دیاریه‌كان پێكهاتبوو له‌ ( شه‌ش ئه‌سپ و هه‌شت كۆیله‌ و سێ پڵینگ و چه‌ك و قوماش) پێشكه‌شی سوڵتانی كرد ، له‌ به‌رامبه‌ردا چه‌ند خشل و جلوبه‌رگێكی گرانبه‌هایی پێشكه‌ش كردوون(الدواداري، ١٩٧١، ج9، ص ٣٧٢؛ مجهول، ١٩١٩، ص ١٨٦)

دواجار لە(٧٣٦ك/ ١٣٣٥ز) (المجد السلامي ) بەهاوەڵی کەسێك بەناوی(بیرم) باڵیۆزی ئیلخانی گەیشتونەتە میسر بۆ گەیاندنی هەواڵی نەخۆشکەوتنی خان ( ابوسعید) بە ( الناصر محمد) سوڵتانیش دیاری بەنرخی بۆ ناردووە، وەڵامی نامەکەی داوەتەوە داوای لە (المجد السلامي ) کردووە کە هەر پێشهاتێك هەبێت سەبارەت بە تەندروستی ناوبراو ئاگاداریان بکاتەوە(مجهول، ١٩١٩،ص ١٩٠ ؛ اليوسفي، ١٩٩٧، ج٣ ، ص١٩٥).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەرچاوەکاندا گرنگی زۆر بەو زانیاریانە نەدراوە کەپەیوستن بەلایەنی دیبلۆماسیەت، بەتایبەتی لە شەش ساڵی کۆتای دەوڵەتی ئیلخانیەکان بە پێیەوە تەنها تیشک خراوەتە سەر ناو وساڵی نێردراوان . بەڵام بە گشتی دەگەین بە ئەنجامی ئەوەی هەرچەندە ململانێ لە نێوان هەردوولادا هەبوو، بەڵام بە هاتنی ( ابو سعید بهادور خان) گۆڕانکاری لە پەیوەندیە سیاسییەکانی نێوانیاندا هێنایە ئاراوە، بە دامەزراندنی پەیوەندی نزیک لە بوارە جیاوازەکاندا ، لێکەوتەی ئەوە بووە هۆی ئاڵوگۆڕی باڵیۆزەکان (پەیوەندیە دیپلۆماسییەکان) زیاتر پەرەی پێبدرێت .

لە دوای مردنی (ابو سعید) دەوڵەتی ئیلخانی بە لاوازی و ڕووخان ناسراوە ناکۆکیە ناوخۆیەکانیان وایکرد پەیوەندیان لەم لایەنەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەمالیك کۆتای پی بێت.

لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتەی ئەو ڕووداوانەی کە لەنێوان مەمالیك و ئیلخانەکان ڕوویانداوە، دەتوانین بڵێین دوو جۆر شێوازی سیاسەت هەبوو کە لە کاتی ململانێ شان بە شانی ئەم دوو لایەنە پەیڕەوکراون، ئەوانیش، بریتی بوون لە میتۆدی ئاشتیخوازانە و سەربازی بوون. دەرئەنجامی ئاشتەواییەکانیان بووە هۆی ئەوەی چەندین لێکەوتەی هەبێت لەلایەنەکانی سیاسی و کولتوورییە گرنگەکان بووە هۆکارێك بۆ باشتربوونی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی گەورە کە لەقۆناغە مێژوویە جیاوازەکاندا دوژمنایەتی یەکتریان کردووە.

## ئەنجامەکان

لە ئاکامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا، گەیشتووین بەچەند ئەنجامێك، لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورت کراونەتەوە:

یەکەم: سەرچاوەکان ئاماژەیان بە پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانی نێوان مەمالیك و ئیلخانی کردووە، لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی و نامە نێردراوەکانیان بووە، کە بەتێپەڕبوونی کات چالاکیە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوولا بەرەوپێشچووە.

دووەم: سیاسەتی دوژمنکارانەی نێوان ئیلخانی و مەمالیەک لە دوای مردنی ئیلخان غازانەوە کۆتایی هات بەو پێیەی لەسەردەمی ( محمد خدابندە ) ، پەیوەندییەکان باشتر بوون و پەیوەندیە دۆستایەتیەکان جێگەی گرتەوە بەو پێیە پەیوهندیە دیپلۆماسیە کانیان بە هە ڕە شە دە ستی پێکرد، بە ڕێککە وتنی ئاشتەوایی کۆتایی هات.

سێیەم : وەرگرتنی تەختی دەسەڵات لەلایەن (ابوسعید)، بووە مایەی گۆڕانکاریەکی گەورە کە زیاتر لە (٣٠) ساڵ ئاشتەوایی و دۆستایەتیەکی بەهێز لەنێوانیان دروست بوو.

چوارەم: هەردوو کەسایەتی ( مجد السلامي) میر (محمد ایتمش) وەکو دوو دیپلۆماتکاری بەتوانا ڕۆڵێکی کارایان هەبوو لە بەدیهێنانی دۆستایەتی و ئاشتەوایەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە.

پێنجەم : ئاڵوگۆڕی دیاریە گرانبەهاکان، بنچینەیەکی سەرەکی دیپلۆماسیەتی مەمالیك بوو ، بەفاکتەرێکی گرنگ دادەندرێت بۆ باشترکردنی پەیوەندیە دەرەکییەکانی مەمالیك لەگەڵ مەغۆلەکانی ئیلخانی.

## پەراوێزەکان:

ماوەی فەرمانڕەوایەتی کردنی (احمد تكودار بن هولاكو) (٦٨٠- ٦٨٣ك/ ١٢٨٢- ١٢٨٤ز)، هەوڵی دا پەیوەندیەکانی قووڵ بکاتەوە لەگەڵ ناوچە ئیسلامییەکان بەگشتی و مەمالیك بەتایبەتی، لەڕێگای سیاسەتێك کە خۆی لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، داوای ئاشتەوایی کردووە لەم ماوەیەدا دووجار نامەیان ناردووە بەشێوازی نووسراوە و زارەکی، موسڵمانبوونی ناوبراو گۆڕانکاری گرنگی لەبنچینەی پەیوەندییەکان بەدوای خۆیدا هێنا.یەکەم دەستپێشخەری لەلایەن ئیلخان (تکودار )بوو لەمانگی شەعبانی

ساڵی( ٦٨١ك / ١٢٨٢ ز) هەستا بەناردنی شاندێکی سێ کەسی گەیشتنە قاهیرە (ابن الفوطي، 1932، ص 425؛ ابن الفرات، 1942 ، ج7، ص 248؛ المقريزي، 1997، ج2، ص 157- 158؛ الهمداني، د.ت، ج2، ص 97). شاندی دووەم لەساڵی (٦٨٢ك / ١٢٨٣ز)ڕەوانەی لای سوڵتانی میسر کران، بەڵام گەیشتنی هەواڵی کوشتنی (تکودار)،چەند ڕۆژێك پێش کۆبوونەوە وایکرد لەسوڵتانی مەمالیك ئەم شاندە پشتگوێ بخات و دوای چەند مانگێك ڕێگەیدا بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان (ابن عبد الظاهر، ١٩٦١، ص ٦٩- ٧١)بۆ زیاتر بڕوانە: النويري، 2004، ج31، ص 66 ؛الدواداري، 1971، ج8، ص 261. بەگشتی ئەم ماوەیە بەسەردەمی گۆڕانکاری دادەندرێت، بەڵام دەرئەنجامی ئەو ئاگربەستە درێژەی نەکێشا، بەهۆی ئاگاداربوونی مەمالیکەکان لە نیاز خراپی مەغۆلەکان، چینی دەسەڵاتداری مەغۆل پەرۆش نەبوون بۆ دامەزراندی پەیوەندیە ئاشتەوایەتیەکانیان.

1-بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ڕووداوەکان، بڕوانە: (حجه، ٢٠١١،ص ٣٢٤-٣٢٥ )

2-مێژوو نوس (ابن ايبك الدواداري)(م.٧٣٦ك/١٣٣٦ز) ئاماژەی بەوە کردووە ئەم شاندە بەسەرۆکایەتی وتارخوێن و دادوەر (ضياءالدين بن بهاءالدين ابن يونس الشافعي) بوو (١٩٧١ ج٩، ص ٥٢). هەرچی سەرچاوە فارسیەکانە لەهەمبەر ئەم باسە ئاماژەیان بەوە کردووە هەریەك لە دادوەران (نصيرالدين التبريزي) و (قطب الدين الشيرازي) شاندکراون بۆ وڵاتی میسر، بڕوانە: (البدليسي، ٢٠٠٦،ج٢، ص ١٩؛اقبال، ٢٠٠٠،ص ٢٨١).

3-ناصرالدين على خواجة: زانیاری زۆر دەست نەکەوتووە تەنها ئاماژە بەوەکراوە لەساڵی (٧٠٠ك/١٣٠١ز) لەلایەن ئیلخان غازان شاند کراوە بۆ وڵاتی میسر (المقريزي، ١٩٩٧،ج٢، ص ٣٤٠)

4-قەڵای (الجبل): لەسەر بەرزایەکانی چیای موکاتام (المقطم)، سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ پاراستنی قاهیرە دروستی کرد، بۆمەبەستی ئەوەی و ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی، بۆیە ئەم قەڵایە بەناوی قەلای سەلاحەدین ناسراوە، لەساڵی( ٥٧٣ك/١١٧٧ز) دەست بە دروست کردنی کراوە، لەساڵی (٦٠٤ک/ ١٢٠٧ز) لەسەردەمی سوڵتان (کامل کوڕی مەلیك عادل) تەواو کراوە، وە کۆشکەکانی پاشایەتی تێدا دامەزراند، نزیکەی (٧) سەدە وەکو شوێنی نیشتەجێبوونی سوڵتانەکانی وڵاتی میسر بوو، لەسەردەمی مەمالیکەکان لەکاتی هاتنی مێوان و نێردراوان لەم قەڵایە پێشوازیان لێکراوە. بۆ زیاتر بڕوانە: العمري، التعريف، ص 242-245؛ المقريزي، المواعظ والاعتبار، ج3، ص 351-359.

5-بۆزیاتر زانیاری لەسەر ناوەڕۆکی نامەکەی (احمد تكودار) بۆ سوڵتان (قلاوون)، بڕوانە: (النويري، 2004، ج31، ص 60؛ المقريزي، 1997، ج2، ص 157- 158؛ القلقشندي، 1915، ج8، ص 67؛ ابن شافع الكاتب، 1998، ص 93- 96)

6-لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٦٩٨ك/ ١٢٩٨ز) سوپای شام هێرشی کردۆتە سەر شاری ماردین کاری زۆر خراپیان دەرهەق بەخەڵکەکە ئەنجامدا تەنانەت دەستیان نەپاراست لە تاڵانکاری شارو مزگەوتەکان ، ناوچەکانی دەوروبەریش بە هەمان شێوە کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی سوپای شام ئەمەبووە مایەی توڕەبوونی ئیلخان غازان دووبارە هێرش بکاتەوە سەر ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتی مەمالیك (مجهول، ١٣٨٤ە.ش، ص ٥٤٠؛ابوالفداء، ج٤،ص٥٤؛ المقريزي، ج٢،ص ٣١٤ بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم ڕووداوە، بڕوانە: (خۆشناو، ٢٠٢٢،ل ٣٦٣-٣٦٥).

7-عیماد الدين بن السكرى: ناوی (عیماد الدين علي بن عبدالعزيز بن عبدالرحمن بن عبدالعلى بن السكرى )یە وتارخۆێنی مزگەوتی حاکم بوو ، هاوکات مامۆستای مەشهەد حسێن بوو لەساڵی (713ك/ ١٣١٣ز) کۆچی دوای کردووە (العيني، ٢٠١٠،ج٤،ص١٥٧).

8-حسام الدين ازدمير المجيري: زانیاری زۆر دەست نەکەوتووە تەنها ئاماژە بەوەکراوە لەساڵی (٧٠١ك/١٣٠١ز) وەك نێردەی سوڵتان مەمالیك نێردراوەتە کۆشکی ئیلخانیەکان (ابن حجر، ج٢، ص ٣٥٥).

9- شمس الدين محمد التيتي: محمد بن إسماعيل بن أسعد الأمير شمس الدين ابن الصاحب شرف الدين الآمدي) یە چەند پۆستێکی هەبوو لەوانە قازی و وەزیری خاوەنی ماردین بوو ، لەلایەن سوڵتان محمد الناصر شاندکراوە بۆ لای ئیلخان (غازان) لەساڵی (٧٠٤ک/١٣٠١ز)کۆچی دوایکرد،(الصفدي،٢٠٠٠، ج٢،ص ١٦٢)

10-مير جوبان: جێگیری ئیلخان أولجايتو بوو ، لەسەردەمی (ابو سعید ) کاروبارەکانی دەوڵەتی ئیلخانی بەڕێوەبردووە ابن تغري بردى المنهل الصافي، ج٥ ، ص٣٣-٣٤.

11-بۆ زیاتر زانیاری لەسەر گفتۆگۆکانی نێوان نێردراوی مەمالیك و ئیلخان غازان ، بڕوانە:(الدواداري، ١٩٧١، ج٩، ص٧٢-٧٩؛ العيني، ٢٠١٠، ج٤،ص ١٣١).

12-بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ناوەڕۆكی نامەكەی سوڵتان (الناصر محمـد) بـۆ ئیلخـان غـازان، بـڕوانە: (المنصـوري، 1998، ص 378؛ الدواداري، 1971، ج ٩، ص ١١٨-١٢٢).

13-انغاي: كوڕەزایی بەرەكەخانی مەغۆلی قەبجاق بوو ، لەساڵی( ٧٠٤ك / ١٣٠٥ز ) باڵیۆزی خۆی ناردۆتە لای سوڵتانی (الناصر محمد) بۆ مەبەستی پێكهێنانی هاوپەیمانیەتیەك دژ بە مەغۆلە ئیلخانیەكان (الدواداري، ١٩٧١، ج9 ، ص 128).

14-مجد السلامي: ناوی ( مجدالدين بن اسماعيل بـن محمـد بـن يـاقوت السـلامي ) یە بازرگـانێكی وڵاتـی مەغۆلەكـان بـوو ، پیشـەی سـەرەكیی بازرگـانیكردن بـوو بە كـۆیلە ، پـێگەی بـالیۆزی هەبـووە، ڕۆڵـی سـەرەكی هەبـوو لە چـاككردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان سـوڵتان (النـاصر محمـد ) و (ابـو سـعيد) ی ئیلخـانی لەسـاڵی (٧٤٣ك/ ١٣٤٢ز) كـۆچی دوای كـردووە (الدواداري، 1971 ، ص 312؛ ابن حجر، د.ت ، ج1، ص 381- 382).

15-بۆ چوونی جیاواز هەیە لەلایەن مێژوونوسان سەبارەت بە ساڵی هاوپەیمانیەتیەكەیان لەوانە ، هەندێكیان سـاڵی (٧٢١ك/ ١٣٢١ز) (العمـري، 1971، ج27، ص 342؛ ابـن حبيـب، 1982، ج2، ص 115) . هەنـدێكی دیكەیـان سـاڵی (٧٢٣ك/ ١٣٢٣ز) بە ساڵی ڕێكەوتنیان داناوە (القلقشندي، د.ت، ج٣، ص ١٣٨- ١٣٩).

16-ایتمش محمد: ناوی (ايتمش بن عبدالله الاشرفي)یە، یەكێك بـوو لە مەمالیكەكـانی سـوڵتان (نـاصر محمـد) كە لە خـولی سێیەمیدا كرا بە میر و پۆستی باڵای كارگێری هەبوو، ناوبراو بە ڕەچەڵەك مەنگۆلی بوو، شارەزا بوو لە زمانی مەنگۆلی، لەم ماوەیـدا ڕۆڵـی گرنگـی هەبـوو لە بەرقەراركردنـی ئاشـتی لە پەیوەنـدییە دیپلۆماسـییەكانی مەمالیـك و ئیلخانیـدا. (ابـن أيبـك الصفدي، 1991، ج9، ص 482؛ ابن تغري بردي، ١٩٨٥، ج٣، ص ١٣٨؛ ابن حجر، د.ت، ج1، ص 423-424).

17-پێویستە لێرەدا ئاماژە بەخاڵێـك بكرێـت، ( النـويري) كاتێـك بـاس لە ڕووداوەكـانی سـاڵی( ٧٢٣ك/١٣٢٣ز) كـردووە، باسـی ڕۆشتنی میر(ایتمش) دەكات، المقريزي لە سـاڵی( ٧٢٢ك/١٣٢٢ز) باسـی دەكـات، جـارێكی دیـكە (المقريـزي) سـاڵی( ٧٢٣ ك/ ١٣٢٣ز ) وەك بەرواری گەڕانەوەی دادەنێت.

18-تمربغا مرغيناني: زانیاری دەربارەی دەسـت نەكەوتـووە تەنهـا ئامـاژە بەوەكـراوە نێـردراوی ئیلخانیەكـان بـوو(المقريزي، ١٩٩٧،ج3، ص98)

19-طوغان: یەكێک بوو لە ئەندامانی شاندی ئیلخانیەكان كە لەسەردەمی ئیلخان (ابو سعيد ) لەساڵی (٧٢٤ك/١٣٢٤ز) هـاتۆتە میسر(أبو الفداء ، ١٩٩٩، ج4، ص 109-110؛ مجهول، ١٩١٩، ص 174)

20-يوسف بن اسعد الدمشقي الدوادار: یەكێك بوو لە میرە بەناوبانگەكـانی لەسـەردەمی سـوڵتان (النـاصر محمـد)، سـەرەتا لەبارەی مێژوو ژینامە چەند نوسینێكی هەبووە دواتر چۆتە بواری سـوپا و سـەربازی ، چەنـد پۆسـتێكی كـارگێری وەرگرتـووە، لەوانە، بۆتە میری حەلەب، لە ساڵی( ٧٢٤ ك/ ١٣٢٤ی ز) بەرپرسیارێتی بەندەری ئەسكەندەریەی گـرتە ئەسـتۆ. پاشـان كـرا بەوالی فەرمانگەكان لە قاهیرە، پاشان لە كارەكەی دوورخرایەوە و وەك میـر لە میسرـ مـایەوە، پاشـان سـوڵتان وەك بـاڵیۆزی خۆی ناردووی بۆ لای (ابوسعيد) و كاتێـك گەڕایەوە ، دەنگـۆی ئەوە بڵاوبـووەوە كە دەبێـتە وەزیـر، بەڵام ئەمە بـۆی بەدی نەهات، دواتر وەك پارێزگار دەستنیشـانكرا، پاشـان نووسـەری نهێنـی، و لە سـاڵی (٧٣٢ ك/١٣٣٢ ز) لەگەڵ سـوڵتان (النـاصر محمد ) ڕۆیشت بۆ حیجاز، لە ساڵی (٧٤٥ك/ ١٣٤٤ز) مردووە بۆ زیاتر بڕوانە:(ابن حجر ، د. ت، ج4، ص 449-450).

21-سيف الدين طاير بغا : خاڵی سوڵتان ( ابو سعيد ) ئیلخانی بوو (م ٧٣٨ك/ ١٣٣٧ز). (ابن تغري بردي، ١٩٨٥،ج2، ص 293؛ ابـن أيبك الصفدي، ١٩٩١، ج9، ص 440) .

22-یـاری پۆلـۆ (الكـرة والصـولجان) : یـاری تـۆپ و دار یەكێـک لە یـارییە وەرزشـییە بەناوبـانـگ و چێژبەخشـەكان كە موسـڵمانان بەدرێژایی سەردەمی ئیسـلامی ئەنجامیانـداوە (أبـو منصـور الجـواليقي - 1990م, ص ٤٢٢-٤٢٣ ؛القلقشـندى ,1915, ج٥, ص 458) .شێوازی یاریكردنەكە سوڵتان و میرەكان لە یاریگا ئەم یارییەیان دەكرد و لە هەردوو لای یاریگاكەدا ژمارەیەكی زۆر لە مەمالیەكـان بە سواری ئەسپ ئامادەبوون ، هەریەكەیـان دارێكـی درێژیـان لە دەسـتدایە لە ناوەڕاسـتی یاریگـاكەدا تۆپێـك هەیە هەر لایەنێـک هەوڵی ڕاكێشانی تۆپەكە بۆ لای خۆی دەدا هەركەسێک سەركەوتوو بوایە خاڵی بۆ هەژمار كراوە (طـافور، 1968 ،ص ٧٤؛ ماجـد ، 1982 ، ص١٤٠) هەروەها داب و نەریتی سوڵتانەكانە كە میوان و نێردراو و باڵیۆز بانگهێشتی یارییەكانی تۆپی پێ بكەن وەك جۆرێک

لە پڕوپاگەندەی سیاسی و دەرکەوتنێکی کولتووری و نیشاندانی ڕێکوپێکی باش و خۆشگوزەرانی و بەهێزی شانشینی. (الشـشـتاوی ، ص 28)

23-ناوی ناصر الدين محمد بيه بن جمق: کەسێکی نزیکی ئیلخان (ابوسعید) و خوشکەزایی میر( سيف الدين طايربغا) بوو، لەکـاتی هاتنی بۆ وڵاتی میسر سوڵتان پۆستی میری (طبلخاناه)ی پێبەخشی. (النـويري، ج٣٣، ص ١٧٦ ؛ المقريـزي، ١٩٩٧، ج3، ص98)بۆ زیاتر زانیاری لەسەر زاراوەی (طبلخاناه)، بڕوانە: (دهمان، 1990، ص 106).

24شێخ ارش بغا: زانیاری زۆر دەربارەی دەست نەکەوتووە تەنها ئاماژەکراوە لە بنەڕەتدا کورد بووە، لە سەردەمی ئیلخان (خدابنده) شاند کراوە بۆ وڵاتی میسر (ابوالفداء، ١٩٩٩،ج4،ص ١١٥).

25-برجا: کەسێکی نزیکی میر (بدرالدين جنكي) (دادوەری شاری دیاربکر بوو لەسەردەمی ئیلخان (غـازان) (ابوالفـداء،١٩٩٩،ج4،ص ١١٥).

26-لەسەرچاوەکاندا ڕوون نەکراوەتەوە هۆکاری چی بوو خـودی سـوڵتان پێشـوازی لەم شـاندە کـردووە؟ هـیچ ڕوون کـردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە نەخراوەتە ڕوو.

## سەرچاوەکان:

### 1- سەرچاوە ڕەسەنەکان بەزمانی عەرەبی:


- البدليسي، شرف خان(٢٠٠٦)،شرفنامة،ج٢ ترجمة الى العربية: محمد علي عوني، دار الزمان، سوريا.
- ابن الجرزي، (١٩٩٨)، تاريخ حوادث الزمان و أنبائه ووفيات الاكابر و الاعيان من أبنائه معروف بتاريخ ابن الجزري، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ج٢، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، صيدا.
- ابن تغري بردي، (١٩٨٥)، الدليل الشافي منهل الصافي، حققه ووضع حواشيه: نبيل محمد عبدالعزيز، ج2، ج3، الهيئةالمصرية العامةللكتاب، القاهرة.
- ابن تغري بردي، (1992)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، تحقيق: محمد حسيت شمس الدين، ج8، ج9، ط1، دار الكتب العلمية، لبنان.
- الجواليقي ، أبو منصور ،(١٤١٠هـ) ، المعرب من الكالم األعجمي على حروف المعجم ، تحقيق ف. عبد الرحيم ، ط١، دار القلم ، دمشق.
- ابن حبيب، (1982)، تذكرة النبية في ايام المنصور وبنيه، تحقيق: محمد محمد امين ، ج2، مطبعة دار الكتب، مصر.
- ابن حجر، (د.ت) ، الدرر الكامنة في اعيان المائة الثامنة ، ج1، ج٢، ج4، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
- ابن خلدون، (2000)، تاريخ ابـن خلـدون المسمى العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن اصرهم من ذوي السلطان الأكبر ، وضع الحواشي والفهارس: خليل شحادة ، ج5، ط1 ، دار الفكر، بيروت.
- ابن خلدون، (٢٠١٨)، العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر ، تحقيق: احمد فوزي الهيب ، ج2، مؤسسة عبدالعزيز سعود البابطين الثقافية، الكويت.
- ابن دقماق، (1982)، الجوهر الثمين في سيرالخلفاء والملوك والسلاطين ، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، ج١، سعودية.
- الدواداري، (1971)، كنز الدرر وجامع الغرر (الدرة الزكية في أخبار الدولة التركية)، تحقيق: أولرخ هارمان، ج8، ج9، القاهرة.
- ابن سباط، (د.ت)، تـاريخ ابن سباط (صدق الأخبـار)، تحقيق : عمر عبـد الـسلام تـدمري ، ج2، ط1، جروس برس ، طرابلس.
- الصفدي، (١٩٩٨)، أعيان العصر وأعوان النصر، تحقيق: علي أبو زيد و نبيل أبو عشمة و محمد موعد و محمود سالم محمد، قدم له مازن عبدالقادر المبارك، ج٢، ط١، دار الفكر، سورية.
- الصفدي، (1991)، الوافي بالوفيات، إعتناء ، يوسف فان إس ، ج٩، ط3، بيروت.
- العمري، ( ١٩٧١) ، مسالك الأبصار فى ممالك الأمصار، تحقيق: كامل سليمان الجبوري، ج٢٧، بيروت.
- طافور،( 1968م)، رحلة طافور فى عالم القرن الخامس عشر الهجرى , ترجمة حسن حبشى , دار المعارف , القاهرة .

- العيني، (2010)، عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان ، ووضع حواشيه : محمد محمد امين، ج٤، دار الكتب الوثائق القومية، القاهرة.
- ابوالفداء، (١٩٩٩)، المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم عزب، ج٤، دار المعارف، القاهرة.
- ابن الفوطي، (1932)، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة ،تصحيح ، مصطفى جواد، (د. ن)، بغداد.
- القلقشندي، (١٩١٥)، صبح الأعشى في صناعة الإنشاء ، ج8، المطبعة الأميرية، القاهرة.
- القلقشندي، (د.ت)، مأثر الإناقة في معالم الخلافة، تحقيق: عبدالستار أحمد فراج، ج٣، عالم الكتب، بيروت.
- ابن كثير، (١٩٩٨)، البداية والنهاية ، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، ج١٨، ط1، الدار هجر، جيزة.
- مجهول، (١٩١٩)، تاريخ سلاطين المماليك ، تحقيق: زيتر ستين، ليدن.
- المقريزي، (1997)، السلوك لمعرفة دول الملوك، ط1،تحقيق: محمد عبد القادر عطا، ج٢- ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت.
- المقريزي، (١٩٩١)، المقفى الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي ، ط1، دار الغرب الإسلامي ، بيروت.
- المنصوري، بيبرس (١٩٩٨)، زبدة الفكر في تاريخ الهجرة، تحقيق: دونالدس ريتشارد، الشركة المتحدة للتوزيع، بيروت.
- المنصوري، بيبرس (١٩٩٣)، مختار الأخبار،تحقيق: عبدالحميد صالح حمدان، ج٣، الدار اللبنانية، القاهرة.
- مؤلف مجهول(المنسوب لابن الفوطي) من القرن الثامن الهجري / الرابع عشر الميلادي، (١٣٨٤ هـ.ش)، كتاب الحوادث ،تحقيق: بشار عواد معروف وعماد عبدالسلام رؤوف ، انتشارات رشيد، قم.
- النويري، (٢٠٠٤)، النهاية الأرب في فنون الأدب، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة ، تحقيق:نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، ج٣١،ج٣٣، ط1،دار الكتب العلمية، بيروت.
- الهمذاني، رشيد الدين (١٩٩٧)، جامع التواريخ(تاريخ غازان خان)، دراسة وترجمة: فؤاد عبدالمعطي الصياد، عين الشمس.
- ابن الوردي، (1996)، تاريخ ابن الوردي، ج٢، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.
- اليوسفي، (١٩٨٦)، نزهة الناظر في سيرة الملك الناصر ، تحقيق: احمد حطيط، ج٣، عالم الكتب ، بيروت.

**2-سەرچاوە بەزمانی فارسی:**

- القاشاني، (١٣٤٨هـ.ش)، تاريخ اولجايتو تاريخ پادشاه سعيد غياث الدنيا و الدين اولجايتو سلطان محمد طيب الله مرقده، به اهتمام : مهين همبلى، تهران
- وصاف الحضره، فضل الله بن عبدالله شيرازى (1338)، تجزيه الامصار و تزجيه الاعصار(تار يخ وصاف)، انتشارات كتابخانه ابن سينا و كتابخانه جعفرى تبريز، تهران.

**3-ژێدەر بە زمانی عەرەبی:**

- اقبال، عباس(٢٠٠٠م)،تاريخ المغول منذ حملة جنكيز خان حتى قيام الدولة التيمورية، نقله عن الفارسية: عبدالوهاب علوب ، المجمع الثقافي، ابوظبي.
- دهمان، محمد احمد(1990)، معجم الالفاظ التاريخية في العصر المملوكي، دار الفكر المعاصر، لبنان.
- سرور، جمال الدين (د.ت)، دولة بن قلاوون، دار الفكر العربي، القاهرة.
- الششتاوى، محمد (،١٩٩٩)، ميادين القاهرة في العصر المملوكي، الطبعة األولى، دار األفاق العربية، القاهرة
- حُجه، شوكت رمضان(2011) العلاقات بين دولة المماليك الأولى ودولة ايلخانية فارس ( 648-732ه / 1250-1335م )، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية والنشر والتوزيع، ط1، أربد.
- عاشور، فايد حماد (١٩٧٤)، العلاقات السياسية بين المماليك والمغول في الدولة المملوكية الاولى، الاسكندرية.
- عبد المنعم ماجد ، (1982) ، نظم دولة سالطين المماليك , الطبعة الثانية , الجزء الثانى , مكتبة االنجلو المصرية , القاهرة .
- القزاز ، محمد صالح (1970)، الحياة السياسية في العراق عهد السيطرة المغولية ، مطبعة القضاء ، النجف.

**4-ژێدەر بەزمانی کوردی:**

-خۆشناو، ڕابیعە فەتاح (٢٠٢٢) ، کوردستان لەسەردەمی ئیلخانانی مەغۆلی (٦٥٦-٧٣٦ك/ ١٢٥٨-١٣٣٥ز) ، چاپخانە،تاران،هەولێر.

**العلاقات الدبلوماسية بين دول المملوكية و الإيلخانية خلال الفترة(٦٩٤-736 هـ/1282-1336م)**

**(دراسة تاريخية، تحليلية)**

**لەنجە طلعت عبيد**

قسم تاريخ ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل، أقليم كوردستان،العراق

Lanja.Obaid@su.edu.krd

**احمد عبدالعزيز محمود**

قسم تاريخ ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل، أقليم كوردستان،العراق

Ahamad.Mahmud@su.edu.krd

**الملخص**

"العلاقات الدبلوماسية بين دول المماليك والإيلخانية خلال الفترة من 694-736 هـ / 1282-1336 م: دراسة تاريخية تحليلية"، تطور العلاقات بين الدولتين بعد عقود من الصراع. فقد شهدت تلك الفترة تحولاً في مسار الدبلوماسية بينهما، مما أسفر عن تبادل السفراء والدبلوماسيين والهدايا الثمينة بطرق متعددة. بسبب القوة المتزايدة لدولة المماليك، زادت رغبة القوى الأجنبية، مثل المغول، في التقرب منهم. إلا أن المماليك كانوا واعين لهذه المحاولات، خاصة بعد الانتصارات المغولية وما تبعها من رغبة في الانتقام. لذا، بادر المماليك باتخاذ إجراءات دفاعية لحماية أمن بلادهم ومصالحهم، من خلال تشكيل تحالفات سلمية، وإرسال الرسائل الدبلوماسية، وتبادل الهدايا والمبعوثين، وغيرها من الوسائل التي ترتكز على المؤسسات الدبلوماسية القائمة. وتجدر الإشارة إلى أن المفاوضات بين الدولتين كانت تخضع للأعراف والقوانين الدبلوماسية المعمول بها في العالم الإسلامي آنذاك.

**الكلمات المفتاحية :**المماليك، الإلخانات، الدبلوماسية، المبعوثون، الرسائل.

**Diplomatic Relations between the Mamluk and Ilkhanate States from 694 To 736 AH / 1294 To 1336 AD (It is a Historical, Investigative Study)**

**Lnaja Talaat Obaid**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Lanja.Obaid@su.edu.krd

**Ahmad Abdulaziz Mahmud**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Ahmad.Mahmud@su.edu.krd

## Abstract

This study, entitled "Diplomatic Relations between the Mamluk and Ilkhanate States from 694 to 736 AH / 1294 to 1336 AD," is a historical analysis that examines the diplomatic interactions between these two powers. Despite a long history of conflict, both states managed to shift from hostility towards a more peaceful and cooperative relationship. This transformation was facilitated through the exchange of ambassadors, diplomats, and valuable gifts. The military prowess of the Mamluks attracted the attention of the Mongol state, prompting them to seek closer relations. In response to the Mongol's growing influence and power, the Mamluks fortified their defense strategies to safeguard their national security, which led them to seek alliances to protect their strategic interests. Consequently, the Ilkhanate, recognizing these efforts, opted for diplomatic engagement with the Mamluks instead of confrontation. Both states employed diplomatic tools such as peace treaties, diplomatic correspondence, gifts, and envoys, which formed the cornerstone of their relations. All negotiations between the two powers adhered to the prevailing diplomatic norms and laws of the Islamic world.

**Keywords**: Mamluk, Ilkhanate, diplomacy, envoys, correspondence.

.